کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# گۆڤاری پێشڕەو

**٤٣٩**

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)
دەوری سێهەم – ژمارە ٤٣٩ – خە زە ڵوە ر – نوامبر ٢٠٢٣

**سەروتار**

## بەیاننامەی پلێنۆمی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

## جینۆساید و تاوانی جەنگیی دەوڵەتی ئیسرائیل دژی خەڵکی فەلەستین

سێ هەفتەیە کە دەوڵەتی ڕەگەزپەرست و داگیرکەری ئیسرائیل بە پاساوی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ مەترسی ڕێکخراوی کۆنەپەرستی حەماس، خەڵکی بێدیفاعی فەلەستینی لە کەرتی غەززە خستووەتە ژێر ئاگری بۆردومانێکی قورس و بێوەستانەوە و یەکێک لە گەورەترین تاوانەکانی جەنگ لە مێژوودا لەبەرچاوی خەڵکی جیهان ڕوودەدات. بەهۆی ئەم بۆردومانانەوە هەتا ئێستا زیاتر لە ٧ هەزار کەس و لەناویاندا ٢ هەزار و ٨٠٠ منداڵ گیانیان لەدەستداوە و زیاتر لە ١٨ هەزار کەس بریندار بوون، ٤٠ لەسەدی ماڵەکانی خەڵک زیانیان بەرکەوتووە و یان وێران بوون و یەک ملیۆن کەسیش ئاوارە بوون. ئەم کۆمەڵکوژییەی خەڵکی فەلەستین لە حاڵێکدا لەئارادایە کە کەرتی غەززە بەتەواوی گەمارۆ دراوە، جەرەیانی بەرق قەتع بووە و دانیشتووانی بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و خۆراک و دەرمان یەکجار لە مەزیقەدان. بەهۆی نەبوونی سووتەمەنی یەک لەسەر سێی نەخۆشخانە و ناوەندە دەرمانییەکان بەیەکجاری داخراون و لە نەخۆشخانەکانی دیکەش تەنها بەشی فریاکەوتنی خێرا توانای خزمەتگوزاری هەیە. نەبوونی ئامراز و کەرەستەی نەشتەرگەری پزیشکانی خستووەتە دۆخێکەوە کە دەبێت لە هەر ساتێکدا هەڵبژێرن کە کام لە بریندارەکان زیندوو بمێنێتەوە. لەم بارودۆخەدا ئیدیعای ناردنی یارمەتی مرۆڤدۆستانە و ناردنی چەند کاروانی فریاگوزاری سنووردار بۆ زیاتر لە





**کوشتنی ئارمیتا گەراوەند، دووپاتبوونەوەی تاوانی کوشتنی ژینا بەدەستی خوێنڕێژانی ڕژیمی جەنایەتکاری ئیسلامی**



**یادی هاوڕێ ئەفشین بەرزوبەڕێزە**

**ڕاگەیاندنی بەڕێوەچوونی پلێنۆمی پێنجەمی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە**

**شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان**
**دەسەڵاتی شۆرایی و مەنشووری داخوازییەکانی خەڵک لە کوردستان**
**خەرمانانی ١٤٠٢ – سێپتامبری ٢٠٢٣**



**سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەمریکا و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە خزمەت پەرەپێدانی شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**




**یەکشەممە و دووشەممە و سێشەممەکانی ناڕەزایەتی، بزووتنەوەی شکۆمەندی خانەنشینان**
**تەنها لەسەر شەقامەکان، بەدەست دێنین مافمان**

دوو ملیۆن کەس کە بەرەوڕووی کارەساتێکی ئینسانین، تەنها فریوکارییەکی گەورەیە و هیچی تر. دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی نەتانیاهۆ لە حاڵێکدا لەسەر درێژەی ئەم جەنایاتە جەنگییە پێداگری دەکات و ئازادی بەبارمتەگیراوانی ئیسرائیلی و تەسلیمبوونی حەماسی کردووەتە پێشمەرجی ڕاگرتنی بۆمبارانەکان، کە خۆی زیاتر لە دوو ملیۆن کەسی لە غەززە بەبارمتەگرتووە و لە هەر شەو و ڕۆژێکدا سەدان کەسیان دەکاتە قوربانی.

دەوڵەتانی ئەمریکا، بریتانیا، کانەدا، فەڕانسە، ئاڵمان و ئیتالیا و ... بە پشتیوانی بێ شەرت و مەرج لە دەوڵەتی ئیسرائیل و دژایەتی لەگەڵ پێشنیاری ئاگربەست، لەم جەنایەتە جەنگییە و لە وەڕێخستنی حەمامی خوێن لە غەززەدا شەریکن. ئەم دەوڵەتە سەرمایەدارییانە و میدیاکانی سەربەئەوان بە سڕینەوە و نادیدەگرتنی بەستێنە مێژووییەکانی ململانێ دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل لەگەڵ نەتەوەی فەلەستین، هێرشی حەماس لە حەوتی ئۆکتۆبر بەهۆکاری ئەم شەڕە و قەیران پێناسە دەکەن و بەبیانووی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ حەماس دەستی دەوڵەتی ئیسرائیلیان بۆ ئەم جینۆسایدە ئاشکرایە ئاواڵە هێشتووەتەوە. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە دەوڵەتی داگیرکەری ئیسرائیل لەماوەی ئەم ساڵانەدا هەموو یاساکانی «شەڕی پێشکەوتووانەی جیهانی ئازادی سەرمایەداری» و سەرجەم بڕیارنامەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە پێکهاتنی دەوڵەتی فەلەستین و گەڕانەوەی ئاوارە فەلەستینییەکان پێشێل کردووە.

بێگومان ئەم شەپۆلە نوێیە لە تاوانی جەنگی دەوڵەتی ئسیرائیل بەرامبەربە خەڵکی غەززە دوای هێرشی گرووپی کۆنەپەرستی حەماس دژی ئەرتەشی ئیسرائیل و کوشتاری دڵتەزێنی خەڵکی ئیسرائیل لە حەوتی ئۆکتۆبر دەستیپێکرد، بەڵام شەڕ و داگیرکاری دەوڵەتی ئیسرائیل دژبە خەڵکی فەلەستین پێشینەیەکی دوورودرێژ و خوێناویی هەیە. ئەرتەشی پڕچەککراوی ئیسرائیل تەنها لەم ساڵی زایینییەدا زیاتر لە ٢٠٠ کەس لە خەڵکی فەلەستینی لە لێواری ڕۆژئاوا کوشتووە و سەدان کەسی بریندار کردووە. دەوڵەتی ئیسرائیل ١٦ ساڵە کە زیاتر لە دوو ملیۆن کەسی لە دانیشتووانی غەززە گەمارۆ داوە. بە داسەپاندنی سیاسەتی مشتی ئاسنین ژیانێکی کارەساتباری بەسەریاندا سەپاندووە و لەم ماوەیەدا چەندین جار بەبیانووی مووشەک هاویشتنی حەماس و ڕێکخراوی جەهادی ئیسلامی خەڵکی ئەم کەرتەی بۆمباران کردووە و هەموو جارێ ژمارەیەکی زۆری لە خەڵک خەڵتانی خوێن کردووە. دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئسیرائیل زیاتر لە ٧٠ ساڵە کە بە پشتیوانیی ماڵی و تەسلیحاتی دەوڵەتی ئەمریکا و باقی هاوپەیمانانی لە ئورووپا، بە شەڕنانەوە و میلیتاریسم و بە شارۆچکە دروستکردن لە وڵاتی فەلەستین، بەردەوام سیاسەتی داگیرکەرانەی خۆی بەڕێوەبردووە. دەوڵەتی ئیسرائیل هەموو ئەم جەنایەت و داگیرکارییانە بە ئامانجی درۆیینی دابینکردنی ئەمنیەت بۆ خەڵکی ئیسرائیل پاساو دەکات. ئەوەش لەحاڵێکدایە کە ئەمنیەتی خەڵکی ئیسرائیل بە بێ «ئاشتی پایەدار» و بە بێ کۆتاییهێنان



بە داگیرکاری و بە بێ بەڕەسمی ناسینی مافی گەڕانەوەی ئاوارەکانی فەلەستین بۆ وڵاتەکەیان و بە بێ بەڕەسمی ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی فەلەستین و مافی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ دابین نابێت.

ڕێکخراوی ئیسلامی حەماس کە دەوڵەتی ئیسرائیل بە پاساوی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ تیرۆریسمی ئەم ڕێکخراوە، تاوانی جەنگی بەرنامە داڕێژیکراو دژبە خەڵکی فەلەستین بەڕێوە دەبات، لەڕاستیدا بەرهەمی سیاسەتی ئاپارتایدی ڕەگەزی و داگیرکارییەکانی دەوڵەتی ئیسرائیلە. ئەگەر داگیرکاریی لەڕێگەی بەڕێوەبردنی سیاسەتی مشتی ئاسنینەوە، بەستێنە بابەتییەکانی توندئاژۆیی و پێکهاتنی حەماسی لە ساڵی ١٩٨٧ واتە ماوەیەکی کەم دوای ئینتیفازەی یەکەم پێکهێنا، پشتیوانی ناڕاستەوخۆی دەوڵەتی ئیسرائیل و ئاسانکاری بۆ یارمەتی گەیاندن بەم ڕێکخراوە بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هێزە چەپ و پێشکەوتنخوازەکانی ناو بزووتنەوەی فەلەستین بوو بەهۆی بەهێزبوون و پەرەسەندنی ئەم ڕێکخراوە. لەڕاستیدا ڕەوتی کۆنەپەرستی حەماس لەلایەکەوە لە سیاسەتی موماشاتخوازانە و گەندەڵی دامەزراوەیی ناو حکوومەتی خۆبەڕێوەبەری مەحموود عەباس و لەلایەکی دیکەوە لە هەمان هێزێکەوە تەغزییە دەکات کە سیاسەتی ئاپارتایدی ڕەگەزی و داگیرکەرانەی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆی پەروەردە کردووە. دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی نەتانیاهۆش لە توندئاژۆیی و پەرەپێدان بە تەعەسوباتی کوێری مەزهەبی و لە تیرۆریسمی حەماس بۆ پاساوی ئەم جەنایەتە جەنگییانەی تەغزییە دەکات.

تاوانەکانی شەڕ دژبە خەڵکی فەلەستین و حەمامی خوێنێک کە لە غەززە کەوتووەتە ڕێ بیروڕای گشتی مرۆڤایەتی ئازادیخواز و یەکسانیخوازی لە سەرانسەری جیهان دژبە دەوڵەتی داگیرکەر و ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل هانداوە. لەژێر گوشاری ئەم بزووتنەوە جیهانییە دژبە تاوانەکانی شەڕی دەوڵەتی ئیسرائیل کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشی گرتووەتەوە حکوومەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە لەوانە ئۆردۆن، میسر، عەرەبستان، قەتەر و عێراق و ... فریوکارانە دیفاع لە خەڵکی فەلەستین دەکەن. لەو نێوەدا ئەردۆغانی فاشیست و دەوڵەتی تورکییە کە تەنها لەماوەی سێ هەفتەی ڕابردوودا لە سایەی بێدەنگی میدیاکانەوە سەدان ژێرخانی خزمەتگوزارییان لە کوردستانی سووریە بۆمباران کردووە و سەدان کەس لە خەڵکی کوردستانیان کوشتووە و بریندار کردووە، بە ڕشتنی فرمێسکی درۆیین بۆ خەڵکی فەلەستین دەرسی ئەخلاقی «شەڕی قانونمەند» بۆ نەتانیاهۆ دیکتە دەکات. ئەم حکوومەتانەی سەرمایەداری کە لەسەر دەریایەک لە سەروەت و سامانی ئەم کۆمەڵگایانە دەسەڵاتداری دەکەن و هۆکاری هەژاری و بێبەشی و بێمافی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشن، لەماوەی ئەم ساڵانەدا هیچ دەرفەتێکیان بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل و سات و سەودا لەگەڵ ئەمریکا لەپێناو بەرژەوەندی خۆیان و دژبە قازانج و بەرژەوەندی خەڵکی ستەمدیدەی فەلەستین لەدەست نەداوە.

سەرانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەم ڕۆژانەدا بە بیانووی تاوانی شەڕی دەوڵەتی ئیسرائیل و پشتیوانی دەوڵەتانی ئەمریکا و ئورووپا لەم جەنایەتانە و بە درۆنانەوەیان سەبارەت بە دیفاع لە خەڵکی فەلەستین هەوڵ دەدەن بێجگەلە بەرەوپێشبردنی ئامانجە

ناوچەییەکانیان، بیروڕای گشتیش لە ئاست هەژاری و فەلاکەتی ئابووری و نەهامەتییە کۆمەڵایەتییەکان و لەئاست جەنایاتێک کە دژبە خەڵکی ئێران ئەنجامی دەدەن بەلاڕێدابەرن. بەڵام لە کرێکاران و خەڵکی ئێرانیش شاراوە نییە کە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی نە لە خزمەت بەرژەوەندی خەڵکی فەلەستین، بەڵکوو لە خزمەت بەرژەوەندی دەوڵەتی ئیسرائیل و ڕێکخراوی



حەماس دایە. لەماوەی ئەم ساڵانەدا پشتیوانی ماڵی و تەسلیحاتی ڕژیمی ئیسلامی لە حەماس ئەو دەرفەتەی بۆ ڕاستترین حیزبەکانی ناو ئیسرائیل پێکهێناوە تا بە گەورەکردنەوەی مەترسی حەماس و کۆماری ئیسلامی ئامرازەکانی دەسەڵاتی سیاسی و نیزامی بگرنە دەست. ئەوان بە بیانووی حەماس، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، حیزبوڵڵای لۆبنان و باقی گرووپە تیرۆریستە ئیسلامییەکان، کرێکاران و خەڵکی لایەنگری ئاشتییان لە ئسیرائیل و فەلەستین سەرکوت کردووە. ئاکامی سیاسەتی کۆنەپەرستانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە پشتیوانیکردنی لە ڕەوتە تیرۆریستە ئیسلامییەکانی ناوچەکە ئەوە بووە کە وڵاتانی حەوزەی کەنداو بوونەتە ئەنباری چەکی ئەمریکا و بەردەوام داهاتە نەوتییەکانی ئەم وڵاتانە لەلایەن دەوڵەتی ئەمریکا و دەوڵەتانی دیکەی ڕۆژئاواوە تاڵان کراوە.

ئەمڕۆ لە حاڵێکدا کە دەوڵەتانی ئەمریکا، ئاڵمان، بریتانیا، فەڕانسە و ... بەنیشانەی هاوپشتی لەگەڵ دەوەڵەتی ئیسرائیل ئاڵای ئەم دەوڵەتەیان لەسەر کۆشک و بینا حکوومەتییەکانیان هەڵکردووە و بە پشتیوانی بێ شەرت و مەرج لە سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی ناتانیاهۆ دەستی ئەویان بۆ جەنایەتی جەنگی دژبە خەڵکی غەززە ئاواڵە هێشتووەتەوە، لە بەرامبەردا بزووتنەوەیەکی مەزنی جەماوەری بۆ پشتیوانی و دیفاع لە ئازادی فەلەستین بە خواستی کۆتایی دەستبەجێی شەڕ، ڕاگرتنی دەستبەجێ بۆمباران و ناردنی خێرای یارمەتی مرۆیی بۆ کەرتی غەززە هاتووەتە مەیدان. جەماوەری ناڕازی بێسەبرانە خوازیاری کۆتاییهێنان بە تاوانی جەنگی دەوڵەتی داگیرکەری ئیسرائیلن. ئەم بزووتنەوە هاوپشتییە جیهانییە، گۆڕینی هاوسەنگیی هێز بە قازانجی خەباتی مافخوازانە و ئازادیبەخشی کرێکاران و نەتەوەی ستەمدیدەی فەلەستین و لاوازکردنی هێژمۆنیی نیزامیی دەوڵەتی ئیسرائیلی خستووەتە ئاسۆوە. پێویستە ئەم بزووتنەوە هاوپشتییە بەهێز بکرێت. کرێکاران و خەڵکی تێکۆشەری ئێران پێویستە بەم بزووتنەوە جیهانی و ئازادیخوازانەیە پەیوەست بن. حمایەتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە حەماس و ئەو مەراسیماتە حەقیرانەیەی کە بۆ دیفاع لەم ڕەوتە دەیخاتە ڕێ، نابێ کرێکاران و جەماوەری ناڕازی لە ئێران بۆ پشتیوانی لە کرێکاران و خەڵکی ستەمدیدەی فەلەستین و ڕەوتی پێشکەوتنخواز و دژەشەڕ و دژەداگیرکاری لە ئیسرائیل تووشی گومان و سەرلێشێواوی بکات. جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لە هەر شوێنێک بن، لە فەلەستین، ئیسرائیل و ئێران و شوێنەکانی تر، قوربانی نیزامی سەرمایەدارین. بێگومان کرێکاران و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بە ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەتوانن یەکێک لە گرینگترین پێگەکانی ئیسلامی سیاسی و تیرۆریسم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان ڕیشەکێش بکەن و زەمینە بۆ گەشە و بەهێزبوونی بزووتنەوەی ڕادیکاڵ و ڕزگاریبەخش لە فەلەستین و گشت ناوچەکە ئامادە بکەن. خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی فەلەستین بۆ تێپەڕین لەم بارودۆخە کارەساتبارە بێجگەلە ڕێکخستنی خەباتی جەماوەری و هاوپشتی لەگەڵ کرێکاران و هێزە ئازادیخواز و ڕەوتە شۆڕشگێڕەکان لە ئیسرائیل و ڕاکێشانی پشتیوانی هێزە پێشکەوتنخوازەکان لەئاستی جیهان لەپێناو خەبات بەرامبەربە ڕژیمی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل و ڕەوتە کۆنەپەرستە ئیسلامییەکان، ڕێگایەکی تریان لەپێش نییە.

بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی

بژی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان

پلێنۆمی پێنجەمی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٥ی خەزەڵوەری ١٤٠٢

٢٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣

❊❊❊

# ڕاگەیاندنی بەڕێوەچوونی پلێنۆمی پێنجەمی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

پلێنۆمی پێنجەمی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران) هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٨١ ڕۆژی شەممە ٨٢ی مانگی ڕەزبەری ٢٠٤١ بەرابەر لەگەڵ ١٢ی ئۆکتۆبری ٣٢٠٢ بە بەشداریی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کە وەک چاوەدێر بەشدار بوون، بەڕێوەچوو. پلێنۆم بە سروودی ئەنترناسیۆناڵ سروودی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار و دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم بەتایبەت هاوڕێ ئەفشین نازمی ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کە بەداخەوە ڕۆژی ٨ی مانگی ئۆکتۆبر ماڵئاوایی لە ژیان کرد، دەست بە کار بوو.

دەستووری جەلەساتی پلێنۆم بریتی بوون لە: ١ – ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ڕێبەریی کۆمەڵە بە پلێنۆم ٢ – ڕاپۆرتی تەشکیلاتیی کۆمیتە و ئۆرگانە تەشکیلاتییەکانی کۆمەڵە ٣ – پێڕاگەیشتن بە قەرار و قەتعنامەکان ٤ – ئارایش و تەقیسمی کاری ناوخۆیی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە.

لە بەشی ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ڕێبەریی کۆمەڵەدا، بەکورتی ئاماژە بە درێژە و توندبوونەوەی قەیرانی پێکهاتەیی نیزامی سەرمایەداری و ئاکامەکانی ئەم قەیرانە کرا کە بووەتە هۆی پەرەسەندنی بێکاری و هەژاری و برسییەتیی زیاتری جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لە سەرتاسەری جیهان. داگیرسانی شەڕی ئیمپریالیستیی نێوان ڕووسیە و ئەمریکا و باقیی دەسەڵاتەکانی سەرمایەداری لە ئۆکراین یەکێک لە ئاکامەکانی توندبوونەوە و پەرەسەندنی ئەم قەیرانەیە. شەڕێک کە بەهۆیەوە هەتا ئێستا زیاتر لە نیو ملیۆن کەس کوژران و بریندار بوون و ژێرخانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئۆکراینی لەناوبردووە و زۆرێک لە شار و گوندەکانی ئەم وڵاتەی کردووەتە وێرانە. ئەم

شەڕە نە تەنها خەڵکی ئۆکراین بەڵکوو ژیان و گوزەرانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی لە سەرانسەری جیهان بەرەورووی کێشە و گرفتی زیاتر کردووەتەوە؛ گرانیی بەرین و چوونەسەری بێوێنەی نرخی پێداویستییەکانی خەڵکی لە سەرانسەری جیهان لێکەوتووەتەوە. هەروەها لە ڕاپۆرتی سیاسی پلێنۆمدا بە وردی باس لە تاوانە جەنگییەکانی حکوومەتی داگیرکەر و ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل لە دژی خەڵکی فەلەستین لە غەززە کرا کە بە پاساوی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ گرووپی تیرۆریستی ئیسلامیی حەماس بەڕێوە دەچێت.

پلێنۆمی پێنجەم لە درێژەدا بارودۆخی سیاسی و خەباتی لە ئێران دایە بەر باس و لێکۆڵینەوە و وێڕای ئاماژە بە توندبوونەوەی قەیرانە هەمەلایەنەکان، تیشکی خستە سەر فەزای پڕ لە جموجۆڵی خەباتکارانە و درێژەی مانگرتن و ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان و باقیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەدژی گشت دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و تەئکیدی کرد کە هاوسەنگی هێز بە قازانجی بەرەی خەباتی خەڵک گۆڕاوە و بەستێنی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی هەروا ئامادەیە.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لەماوەی دوو پلێنۆمدا لە کوردستانی ئێران و لە بەشەکانی تری کوردستان پێکهاتوون، سەرەنجی سەرەکیی پلێنۆم لەسەر پرسەکانی کوردستان بوو. لە پێوەند لەگەڵ بارودۆخی کوردستانی ئێران، وێڕای ئاماژە بە بوون و پێشینەی خەباتی زیاتر لە چوار دەیەی ئاراستەی چەپ و سۆسیالیستی سەرەڕای کەشوهەوای ئەمنیەتی و سەرکوتی دڕندانەی ڕژیمی ئیسلامی، ڕووحیەی خەباتکارانە هەروا زیندوو و چالاکە و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان و کۆمیتەکانی لاوانی گەڕەکەکان، لە پێوەند لەگەڵ یەکتر بۆ پەرەپێدانی چالاکییەکانی خۆیان لەدژی حکوومەتی ئیسلامی لە هەوڵ و تێکۆشاندان. ناڕەزایەتی و مانگرتنی سەرانسەری لە کوردستان لە ساڵیادی قەتڵی حکوومەتیی ژینا، خەباتی شکۆداری خانەنشینان، یەکگرتوویی و تەبایی خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر ئاگرکەوتنەوەی دارستانەکان، درێژەی ناڕەزایەتیی ژنانی تێکۆشەر و بوێر، کرێکاران و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە دژبە یاساکانی دەسەڵاتی ئیسلامی و خەبات بۆ وەدیهێنانی داخوازییەکانی خۆیان لە هاوپشتی لەگەڵ ناڕەزایەتییەکان لەئاستی سەرانسەری هەروا درێژەی بووە. ئەم خەباتە نیشانی دەدات کە سەرەڕای دامرکانی ناڕەزایەتییەکانی شەقام، کوردستان هەروا پۆتانسیەلی خەباتکارانەی خۆی پاراستووە. هەروەها پلێنۆم لاوازبوونی ڕێکخستن و ئاستەنگییەکانی سەر ڕێگای خەباتی جەماوەری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دایە بەر باس و تێبینی و پێشنیارەکان خرانە ڕوو.

پلێنۆم لە بەشێکی دیکەی باسەکانی خۆیدا سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی لە هەموو بەشەکانی کوردستان بەلەبەرچاوگرتنی جموجۆڵ و ئاڵوگۆڕەکانی چەند مانگی ڕابردوو لە ناوچەکە، ئاماژەی بە هاوئاهەنگیی کردەوەیی دەوڵەتانی تورکیە، کۆماری ئیسلامی، عێراق و سووریە لە بەڕێوەبردنی بەرنامە و پیلانەکانیان لەدژی خەڵکی کوردستان کرد. لەم پێوەندەدا بۆ نموونە هاوکاریی دەوڵەتی عێراق و کۆماری ئیسلامی لە توندکردنەوەی گوشار بۆسەر ئەحزابی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی ئێران نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستان بۆ کۆکردنەوەی بارەگا و چەک کردنیان، هاوئاهەنگیی دەوڵەتی تورکیە و سووریە لە داگیرکردن و بۆمبارانی ناوچەی ژێر کۆنترۆڵی ئیدارەی خۆبەڕێوەبەریی ڕۆژئاوا، هێرشی حکوومەتی فاشیستی تورکیە بۆسەر ناوچەی هەرێمی کوردستان بە بیانووی بوونی پەکەکە و هیتر ئاماژەی پێکرا.

ڕاپۆرتی تەشکیلاتی دووهەمین دەستووری جەلەسەی پلێنۆمی پێنجەمی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بوو. لەم بەشەدا پلێنۆم ڕاپۆرتی ڕێکخراوەیی ئۆرگانەکانی تاوتوێ کرد کە لە لایەن بەرپرسانی ئۆرگانەکانەوە پێشکەشی پلێنۆم کرا. هاوڕێیانی پلێنۆم بۆچوون، تێبینی و ڕەخنەکانیان بۆ بەهێزکردنی کار و چالاکیی هەر کام لە ئۆرگانەکان باس کرد.

لە دەستوور جەلەسەی سێهەمدا، پلێنۆم بەلەبەرچاوگرتنی گرینگیی شەڕی جەنایەتکارانەی ئیسرائیل و حەماس، بە پەسندکردنی قەرارێک، کۆمیتەی ڕێبەریی خۆی لەم پلێنۆمەدا ئەرکدار کرد کە لەمبارەوە بە زووترین کات بەیاننامەیەک دەربکات.

دوایین بەشی کاری پلێنۆم تەقسیمی کار و ڕێکخستنی هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندی لە ئۆرگانە جۆراوجۆرە تەشکیلاتییەکاندا بوو. پلێنۆمی پێنجەم وێڕای هەڵبژاردنی کۆمیتەیەکی ڕێبەریی ٩ کەسی بە مەبەستی هیدایەتی تەشکیلاتی لە ماوەی کۆبوونەوە بەرینەکانی کۆمیتەی ناوەندی، هاوڕێ حەسەن شەمسی وەک دەبیری کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە هەڵبژارد.

کۆمیتەی ڕێبەریی کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٠٣ی ڕەزبەری ٢٠٤١

٢٢ی ئۆکتۆبری ٣٢٠٢

***

## سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەمریکا و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە خزمەت پەرەپێدانی شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ڕۆژی سێشەممە ٥٢ی مانگی ڕەزبەر لە یازدەهەمین ڕۆژی شەڕی کۆنەپەرستانەی نێوان دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل و گرووپی کۆنەپەرستی حەماس، عەلی خامنەیی بەبیانووی دیدار لەگەڵ ژمارەیەک بەناو "نوخبەکان"، بۆ جارێکی دیکە دیفاعی لەو جەنایەتانە کرد کە حەماس و جیهادی ئیسلامی ڕۆژی ٧ی ئۆکتۆبر لە هێرشیان بۆسەر دانیشتووانی شارۆچکە یەهوودینشینەکان ئەنجامیان دا. ئەو وتی: "ناڕەزایەتی بەرپرسانی هێندێک لە وڵاتان بەرانبەر بەرپرسانی ئێمە ئەوە بووە کە بۆچی فەلەستینییەکان، کەسانی مەدەنییان کوشتووە؟ ئەم قسەیە خەلافی واقعە. چونکە دانیشتووانی شارۆچکەکان کەسانی سیڤیل نین و هەر هەموویان چەکدارن. جەنایاتی ڕژیمی سەهیۆنیستی جینۆسایدێکی ئاشکرایە و ئەمریکا لەم بابەتەدا بەرپرسە". بێگومان وتەکانی خامنەیی پاساوکردنی کوشتاری ژنان و منداڵان و بەساڵاچووانی ئیسرائیلە بەدەستی هێزەکانی حەماس

و جەهادی ئیسلامی. کۆماری ئیسلامی ئەم هێرشە "کردەوەی خۆڕسکی نەتەوەی فەلەستین لەڕێگەی هێرشی تۆفانی ئەقسا"وە ناولێدەنێ. هەتا ئێستا لە جەریانی جەنایاتی جەنگی دەوڵەتی ئیسرائیل زیاتر لە ۰۰۵۳ کەس لە خەڵکی غەزە گیانیان لەدەست داوە، زیاتر لە ۰۰۰۵۱ هەزار کەس بریندار و سەدان هەزار کەسیش ئاوارە بوون. ئەمە بەهایەکە کە حەماس بۆ چوونەدەر لە بنبەستێک کە تێیکەوتبوو و لەڕاستای دابینکردنی پێویستی کۆماری ئیسلامی بە شەڕ لە ئیسرائیل، لە خوێنی خەڵکی غەزە بەخشیویەتی. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی ئێران و ناوچەکە لەو قەیرانە ئابووری و سیاسییانەی کە بەدەستیانەوە گرفتارە، بەردەوام بانگەشەی ئەم شەڕە کۆنەپەرستانەیە دەکات.

بەڵام ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستا نەیتوانیوە بێجگەلە تەبلیغ و ئاژیتاسیۆن هیچ کردەوەیەک بەرامبەر بە هێرشەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆسەر غەزە، ئەنجام بدات. خامنەیی لە بەشێکی تر لە وتەکانیدا ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو یەک ڕۆژ بەرلە سەفەری جۆو بایدێن بۆ ئیسرائیل، وەک هەڕەشەی پەرەسەندنی شەڕ وتی: "بۆمبارانەکان دەبێ دەستبەجێ ڕابگیرێن ئەگەر ئیدامەیان بێ مسوڵمانان تووڕەن و تاقەتیان تەواو دەبێ. هێزەکانی موقاوەمەت تەحەمولیان نامێنێت و کەس ناتوانێ بەریان پێ بگرێت".

بەدوای خامنەییدا باقی بەرپرسانی ڕژیمی ئیسلامیش ئەم تەبلیغات و هەڕەشە بێبنەمایانەیان دووپات کردەوە. ڕۆژی چوارشەممە ٦٢ی مانگی ڕەزبەر ئیبراهیم ڕەئیسی قاتڵ وێڕای پشتوانیکردن لە حەماس وتی: "من بە ئیسرائیل و ئەمریکا دەڵێم کە میللەتی مسوڵمان و ئوممەتی ئیسلامی بۆ حزوور و دیفاع لە فەلەستین ئامادەیی تەواویان هەیە و ئوممەتی ئیسلامی تۆڵەیەکی سەخت لە هەمووتان دەکاتەوە". هەمان ڕۆژ سەرپاسدار موحسین ڕەزایی ئەندامی مەجمەعی تەشخیسی مەسڵەحەتی نیزام وتی: "لە ئەگەری ڕانەوەستانی شەڕدا ڕووداوی تازە لە ناوچەکەدا شکڵ دەگرێت و لەوانەیە وڵاتانی مسوڵمان سنووری خۆیان بەڕەوڕووی لاوانی ئینقلابی بۆ شەڕکردن بەرانبەر ئیسرائیل بکەنەوە و شەڕ بۆ سەرانسەری ناوچەکە پەرەبستێنێت". لە درێژەی ئەم تەبلیغاتەدا ئەمیر عەبدوڵلاهیان وەزیری دەرەوەی ڕژیمیش دوای دیدار لەگەڵ حەسەن نەسروڵڵا لە لۆبنان و ئیسماعیل هەنییە ڕێبەری حەماس لە قەتەر، ڕۆژی شەممە ٢٢ی مانگی ڕەزبەر وێڕای دانپێدانان بە تەڵەفاتی شەڕ و بەشدارنەبوونی خەڵکی وڵاتانی مسوڵمان لەم شەڕە وتی: "ئاستی جەنایاتی جەنگی سەهیۆنیستەکان دژبە خەڵکی غەزە لەسەرێیە. پێویستە مسوڵمانان و موئمنان لەپەنا خەڵکی مەزلوومی فەلەستین بن. ئێمە بۆ ڕاوەستانی شەڕ پێشنیاری کۆبوونەوەی بەپەلەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئیسلامیمان باس کردووە. ئەگەر شەڕ پەرەبستێنێ ئەمریکا زەرەر و خەساری گەورەی بەردەکەوێ. ئەگەر شەڕ ڕانەوەستێ دەستی هەموو





گرووپەکانی ناوچەکە لەسەر ماشە دەبێت".

سەرەڕای ئەم هەڕەشانە، چەند کاتژمێر دوای وتەکانی خامنەیی و ڕەئیسی، جەنایەتێکی جەنگی دیکە ڕوویدا. نەخۆشخانەی "المعمدانی" لە غەزە هێرشی کرایە سەر و بەهۆیەوە ١٧٤ کەس لە خەڵکی ستەمدیدەی غەزە گیانیان لەدەستدا و سەدان کەسی تریش بریندار بوون. ئەم کارەساتە دژەئینسانییە بەجۆرێک تووڕەیی و نەفرەتی بیروڕای گشتی لەئاستی جیهاندا لێکەوتەوە کە هیچ کام لە لایەنەکانی شەڕ بەرپرسایەتییان وەئەستۆ نەگرت و هەر کام ئەوی تری تۆمەتبار کرد. هەڵبەت هەر دوو بەرەی ئەم شەڕە جەنایەتکارانەیە، واتە هەم ڕەوتە ئیسلامییەکانی سەربە کۆماری ئیسلامی و هەم ڕژیمی داگیرکەر و ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل لە ڕابردوودا زەرفیەتی ئەنجامدانی ئەم جەنایەتانەیان لەخۆیان نیشانداوە. دەربڕینی تووڕەیی و مەحکوومکردنی ئەم جەنایەتە لەلایەن بیروڕای گشتییەوە، نە وڵام بە پەیامەکانی خامنەیی و ڕێبەرانی جەنایەتکاری حەماس و جیهادی ئیسلامی ڕوو بە "ئوممەتی ئیسلامی" بووە و نە بە مانای پشتیوانی کردن لە لایەنێک دژبە لایەنەکەی دیکەیە. هەر دوو بەرەی ئەم شەڕە کۆنەپەرستانە و جەنایەتکارانەیە لەلایەن ڕەوتە چەپ و کۆمۆنیستەکان و خەڵکی ئازادیخواز و پێشڕەوی جیهانەوە، بە تاوانبار دێنە هەژمار.

ئەگەرچی گرووپی تیرۆریستی حەماس و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هێرشی غافڵگیرانەی حەوتی ئۆکتۆبر بە سەرکەوتن بۆ خۆیان هەڵدەسەنگێنن، بەڵام ئاشکرایە کە کۆنترۆڵکردن و کۆتاییهێنان بەم شەڕە لەدەست ئەواندا نییە. لەحاڵێکدا کە دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل بانگەشەی ئەم شەڕە و داگیرکردنی غەزە تا نابوودیی حەماس دەکات، پشتیوانی بێشەرمانەی دەوڵەتی ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لە دەوڵەتی ئیسرائیل، دژایەتی ئەوان لەگەڵ ئاگربەست لەلایەکەوە و هەڕەشە و جموجۆڵی کۆماری ئیسلامی و گرووپە تیرۆریستە ئیسلامییەکانی وەک حەماس، جیهادی ئیسلامی، حیزبوڵڵا و حەشدی شەعبی و هیتر لەلایەکی دیکەوە، مەترسی پەرەسەندنی شەڕیان لە ناوچەکە کردووەتە بابەتێکی موحتەمل. ئەگەرچی لەوانەیە دەوڵەتی ئەمریکا و ناتۆ بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە لە ئۆکراین دژبە ڕووسیە لە شەڕ دان، داگیرساندنی شەڕێکی بەرین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەڕاستای بەرژەوەندی خۆیاندا نەزانن. بەڵام سەفەری جۆو بایدێن یەک ڕۆژ دوای کوشتاری نەخۆشخانەی "المعمدانی" بۆ ئیسرائیل و ڕاگەیاندنی ئەوەیکە "هاتووم تا دنیا بزانێ کە ئەمریکا لە کام بەرەی ئەم شەڕەیە" بەکردەوە لە خزمەت پەرەسەندنی ئەم شەڕەدایە. لەو نێوەدا دەوڵەتی ڕووسیە پەرەسەندنی شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەم بوونەوەی سەرنجی ناتۆ لەئاست شەڕی ئۆکراین لەڕاستای بەرژوەندی خۆی

دەزانێت. لە حاڵێکدا کە نەتانیاهۆ نەخشەی داگیرکردنی غەزە و نابوودی حەماسی لەسەردایە، سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەمریکا و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەکردەوە لە خزمەت پەرەسەندنی شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە.

ئەگەرچی لە دژایەتی لەگەڵ ئەم شەڕە کۆنەپەرستانەیە و بۆ کۆتاییهێنانی ئیعترازاتێک کە وڵاتانی ئورووپایی و لە وڵاتانی عەرەبی لەئارادایە، بەڵام بۆ گەشەی بزووتنەوەی



دژەشەڕ پێویستە چالاکی بەرینتر بکەوێتە دەستوورەوە. خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی فەلەستین بۆ تێپەڕین لەم بارودۆخە کارەساتبارە ڕێگایەکیان لەبەر نییە بێجگە لە ڕێکخستنی خەباتی جەماوەری و هاوپشتی لەگەڵ کرێکاران و هێزە ئازادیخواز و ڕەوتە شۆڕشگێڕەکان لە ئیسرائیل و ڕاکێشانی پشتیوانی هێزە پێشکەوتنخوازەکان لەئاستی جیهان لەپێناو تەقویەتی هاوسەنگی هێز لە خەبات بەرامبەر بە ڕژیمی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل و ڕەوتە کۆنەپەرستە ئیسلامییەکان. تەنها ئاخێزی یەکپارچەی جەماوەری دەتوانێ بەرەنگاری هێژمۆنی نیزامی ئیسرائیل بێتەوە و بە حمایەت و تەقویەتی هێزی هاوپشتیی جیهانی لەگەڵ خەڵکی فەلەستین دەکرێ هاوسەنگی هێز بە قازانجی خەباتی مافخوازانە و ئازادیبەخشی ئەم نەتەوە ستەمدیدەیە بگۆڕدرێت. بە هێزی خەباتی جەماوەری و بە هێزی یەکگرتن و هاوپشتییە کە دەکرێ ئاوات و هیواکانی نەتەوەی فەلەستین بۆ وەدیهاتنی مافی دیاریکردنی چارەنووس و ڕزگاری لە چنگ دەسەڵاتێکی ڕەگەزپەرست و داگیرکەر زیندوو رابگیرێت.

***

## شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان
## دەسەڵاتی شۆرایی و مەنشووری داخوازییەکانی خەڵک لە کوردستان
## خەرمانانی ١٤٠٢ – سێپتامبری ٢٠٢٣

کۆمەڵگای ئێران کەوتووەتە قۆناغێکی شۆڕشگێڕانەوە. لەم قۆناغەدا کە گوڕوتینی شۆڕشگێڕانە سەرانسەری کۆمەڵگای داگرتووە، کرێکاران، ژنان، خوێندکاران و لاوان و بێبەشانی شار بە هەڵکردنی ئاڵای خەبات بەرامبەر بە دژەژنی و هەڵاواردنی ڕەگەزی، چەوساندنەوە و ستەمی چینایەتی، ستەمی نەتەوەیی و مەزهەبی، بە بەرەنگاربوونەوە دژبە هەر شێوازێکی دیکتاتۆری دینی و سەڵتەنەتی، بۆ جارێکی تر عەزمی خۆیان بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی دەسەڵاتی ئیسلامی و کۆتایی هێنان بە هەموو نەهامەتی و بێ مافییەکان کە ڕەگ و ڕیشەیان نیزامی سەرمایەدارییە نیشان دا.

ئەم خەباتە ژێرژوورکەرە کە ڕیشەی لە بزووتنەوەی چینی کرێکار و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ڕادیکاڵەکانی سەردەمی ئێراندایە بۆ جارێکی تر دۆسیەی دەسەڵاتی سیاسی کردەوە و ئاسۆی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و بەرابەر و خۆشبژێوی بەرەورووی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و هەموو ستەملێکراوانی کۆمەڵگا کردووەتەوە. خەڵکی ئازادیخواز و تێکۆشەری کوردستان کە دوای قەتڵی دەوڵەتی ژینا ئەمینیی بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" دەستپێکەری ئەم بزووتنەوە جەماوەرییە بوون، سەرەڕای هەموو جۆرە تەفرەقەنانەوەیەک و کوشتاری دڕندانە، لە هاوپشتی تەواو لەگەڵ بزووتنەوەی سەرتاسەری بۆ کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی ئیسلامی سەرمایەداران و بۆ تێکشکاندنی هەر پرۆژەیەک لەپێناو پێکهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لەسەر سەری خەڵکەوە، خەباتی خۆیان لێبڕاوانە بەرەوپێش بردووە. خەڵکی ئازادیخواز و مافخوازی کوردستان کە زیاتر لە چوار دەیە خۆڕاگری و خەبات بەرامبەر بە هێرشی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و لە قۆناغێکی کورتدا شکڵدان بە ئیدارەی شۆراییان لەئاستی مەحەلیدا ئەزموون کردووە، خوازیاری بەرپاکردنی دەسەڵاتێکن کە بەشداریی ڕاستەوخۆی تاکەکانی کۆمەڵگا لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، ئیدارە و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا دابین بکات.

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستیە کە خەباتی شۆڕشگێڕانە بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی چووەتە قۆناغێکی چارەنووسسازەوە، ئاڵای خەباتی یەکگرتووانە بۆ دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک و ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان بەرز دەکاتەوە. بە سەرەنجدان بەو حەقیقەتە کە نیزامی سەرمایەداری زیاتر لە هەموو کاتێک بێ مافی ڕاستەقینەی خەڵک و ڕواڵەتی بوونی بەشداری ئەوانی لە بابەتی دەسەڵات لە دیموکراسییە لیبراڵی و پارلەمانییەکاندا نیشان داوە. کۆمەڵگایەک کە بیهەوێ بەشداریی جەماوەری بەرینی خەڵک لە دەوڵەت و لە پەسندکردن و بەڕێوەبردن یاسا و سیاسەتەکان زەمانەت بکات، ناتوانێ لەسەر بنەمای پارلەمان و سیستەمی دیموکراسی نیابەتی بێت.

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان لە بەرامبەر نیزامی پارلەمانیدا، کە پارتە ناسیۆنالیست و هێزە بورژواییەکان مەوعیزەی بۆ دەکەن، نیزامی شۆرایی بە باشترین و دەستەبەرترین ئامرازی بەشداری هەموو تاکەکانی خەڵک وەک داڕێژەر و جێبەجێکاری یاسا لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا دەزانێ. بە باوەڕی شۆرای هاوکاری لە بارودۆخێکدا کە پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی، پەرەسەندنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر لە هەموو کاتێک پەیوەندی پەرەپێداوە و ئیمکانی دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی لە هەموو بوارەکاندا بۆ هەمووان دابین کردووە، نیزامی شۆرایی بابەتی بەشداری ڕاستەوخۆی کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵک لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای زیاتر لە ڕابردوو ئاسان کردووەتەوە. ئیدارەی شۆرایی کۆمەڵگا دەتوانێ لە دامەزرانی سیستەمێکی بوروکراتیک کە دیسان بکەوێتە سەر سەری خەڵک و ئەوان بکاتە تەماشاچی بێدەسەڵاتی گۆڕەپانی سیاسەت، ڕێگری بکات. خەڵک لە نیزامی شۆراییدا هەم داڕێژەر و هەم بەڕێوەبەری یاسان

لـەم نیزامـە حکوومەتییـەدا هەمـوو کاربەدەسـتانی ئیـداری و سیاسـی و قەزایـی لەلایـەن خەڵکـەوە هەڵدەبژێردرێـن و هــەرکات زۆرینــەی دەنگــدەران بڕیــار بــدەن، دەتوانــن لەســەر کار لایانبــەرن.

پێکهاتەی دەسەڵاتی شۆرایی لە کوردستان




دەسـەڵاتی شـۆرایی پێکهاتەیەکـی هێرەمیـی هەیـە و پێکهاتـووە لـە : شـۆراکانی گەڕەکـەکان، شـۆراکانی شـار، شـۆراکانی ناوچـە و کۆنگـرەی سەرانسـەری شـۆراکان وەک باڵاتریـن ئۆرگانـی دەسـەڵاتی خەڵـک لـە کوردستان. کۆنگرەی سەرانســەری شــۆراکان هــەم داڕێــژەری یاسایە و هــەم باڵاتریــن ناوەنــدە دەوڵەتییــەکان بــۆ ئەرکــی جێبەجێکــردن ڕێکدەخـات و بەسـەر چالاکییەکانیانـدا چاوەدێـری دەکات.

لـە دەسـەڵاتی شـۆراییدا سیسـتەمی دادوەری و قەزایـی بـە تـەواوی لـە سیسـتەمە جێبەجێـکار سـەربەخۆ دەبێـت. قازییـەکان و هەمـوو کاربەدەسـتانی قەزایـی لەلایـەن خەڵکـەوە هەڵدەبژێردرێـن و هـەرکات زۆرینـەی دەنگـدەران ئیرادەیـان کـرد دەتوانـن لەسـەر کار لایانبـەرن. هەمـوو دادگا تایبەتـەکان هەڵدەوەشـێنەوە و سـەرجەم موحاکمـە عەلەنییـەکان بـە بەشـداری هەیئەتـی ژووری بەڕێوەدەچێـت.

لـە حکوومەتـی شـۆرایی خەڵـک لـە کوردسـتان، ئەحزابـی سیاسـی تەنهـا لەڕێگـەی بەشـداریکردن لـە هەڵبژاردنەکانـی شـۆراکان لەئاسـتە جۆراوجۆرەکانـدا دەتوانـن لـە ئۆرگانەکانـی ئیـدارە و بەڕێوەبردنـی کۆمەڵـگا و لـە دەسـەڵاتی سیاسـیدا بەشـدار بـن.

هێزی چەکدار

ئەرتـەش، سـپای پاسـداران و هەمـوو ئۆرگانەکانـی ئیتلاعـات و ئەمنیەتـی و نیزامیـی کۆمـاری ئیسـلامی هەڵدەوەشـێتەوە و ڕێکخراوێکـی چەکـداری جەمـاوەری لەژێـر فەرمانـی کۆنگـرەی سەرانسـەری شـۆراکاندا پێکدێـت. ئـەم ڕێکخـراوە چەکـدارە جەماوەرییـە لـە کوردسـتان لەژێـر فەرماندەیـی کۆنگـرەی سەرانسـەریی شـۆراکاندا ئەرکـی پێوەندیـدار بـە بەرگـری لـە دەسـتکەوتەکانی خەڵکـی کوردسـتان بەرامبـەر بـە هێرشـی دەوڵەتـی ناوەنـدی و یـان هـەر هێزێکـی دیکـە وەئەسـتۆ دەگرێـت. ئـەم هێـزە مافـی دەسـتوەردانی لـە کاروبـاری ناوخـۆی کوردسـتاندا نابێـت. ئینتزاماتـی ناوخۆیـی کوردسـتان لەلایـەن هێزێکـەوە دابیـن دەکـرێ کـە لەلایـەن باڵاتریـن ناوەنـدی دەوڵەتیـی هەڵبژێـردراوی کۆنگـرەی سەرانسـەری شـۆراکانەوە سـازمان دەدرێ و کۆنگـرە بەسـەر چالاکییەکانیـدا چاوەدێـری دەکات.

*****

مەنشووری داخوازییەکانی خەڵک لە کوردستان

١ – کۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوەیی لە کوردستان

- سـتەمی نەتەوەیـی چ لـە سـەردەمی ڕژیمەکانـی پاشـایەتی و چ لـە سـەردەمی ڕژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی وێـڕای وەحشـیانەترین شـێوەکانی سـەرکوت بەسـەر خەڵکـی کوردسـتاندا سـەپێندراوە. لەم ڕووەوە لە کوردستانی ئازادکراو هەمـوو ئـەو یاسـا و ناوەندانـەی کـە هێـما یـان پارێـزەری سـتەمی نەتەوەییـن هەڵدەوەشـێنەوە و مافـی دیاریکردنـی چارەنووسـی خەڵکـی کوردسـتان بەمانـای ئـازادی جیابوونەوە لـە ئێـران و پێکهێنانـی دەوڵەتـی سـەربەخۆ، بەڕەسـمی دەناسرێـت. دەسـەڵاتی شـۆرایی وێـڕای تەئکیـد لەسـەر هاوپشـتی و هاوچارەنووسـی خەباتـی خەڵکـی کوردسـتان لەگـەڵ خەڵکـی سەرانسـەری ئێـران، هەمـوو مـەرج و پێداویسـتییەکانی ڕێفراندۆمێکـی ئـازاد و دێموکراتیـک بـۆ کەڵـک وەرگرتنـی وشـیارانەی خەڵکـی کوردسـتان لـەم مافـە دابیـن و زەمانـەت دەکات.
- ئەگـەر سـەرەڕای دابینکرانـی کردەوەیـی و ڕاستەقینەی پێداویسـتییەکانی سـەرەوە، خەڵکـی کوردسـتان ئازادانـە بڕیاریـان دا کـە لـە چوارچێـوەی وڵاتـی ئێرانـدا بمێننـەوە، ئـەوکات مافـی یەکسـانی خەڵکـی کوردسـتان لـە هەمـوو بوارەکانـی ژیانـی سیاسـی، کۆمەڵایەتـی و کلتـووری و ئیداریـی کۆمەڵـگا دابیـن و زەمانـەت دەکرێـت.
- لـە دەسـەڵاتی شـۆرایی کوردسـتان هەمـوو خەڵکـی دانیشـتووی ناوچـەکان بـە بـێ لەبەرچاوگرتنـی نەتـەوە، ڕەگـەز و ئاییـن لـە هەمـوو ئاستەکاندا، لـە نیزامـی سیاسـی و یاسادانان، بەڕێوەبـەری و قەزایـی کوردسـتاندا بەشـدار دەبـن و بـە بـێ هیـچ جـۆرە هەڵاواردنێـک لەگـەڵ هەمـوو خەڵکـی دانیشـتووی کوردسـتان مافـی یەکسـانیان دەبێـت.
- ئێمـە هەروەهـا ڕایدەگەیەنیـن کـە گەڵاڵـەی فێدراڵیسـم بـۆ دیاریکردنـی پەیوەنـدی لەگـەڵ دەوڵەتـی ناوەنـدی نەتەنهـا یارمەتیـدەری نەمانـی سـتەمی نەتەوەیـی لـە کوردسـتان نابێـت، بەڵکـوو ئـەم سـتەمە جـێ دەخـات و تەفرەقـە و چەنـد دەسـتەیی پەرەپێـدەدات.
- دەسـەڵاتی شـۆرایی خەڵـک لـە کوردسـتان هەرجـۆرە سـات و سـەودای دەوڵەتـی ناوەنـدی لەگـەڵ هێـزە خۆجێییـەکان سـەبارەت بـە ئارایشـی سیاسـی کوردسـتان بـە نایاسـایی و نادروسـت دەزانێـت. یەکلاییکردنـەوەی هـەر گەڵاڵەیـەک سـەبارەت بـە شـێوازی بەڕێوەبردنـی کۆمەڵـگای کوردسـتان و شـێوازی پەیوەنـدی لەگـەڵ دەوڵەتـی ناوەنـدی لەڕێگـەی دەنگدانـی گشـتی خەڵکـی کوردسـتانەوە بەڕێوەدەچێـت.

٢ – ئـازادی بێشـەرت و مەرجـی سیاسـی، ئازادیـی بیـر و باوەڕ و تەبلیـغ کردنـی، ئـازادی ڕادەربڕیـن و چاپەمەنـی، ئـازادی بەڕێوەبردنـی کۆبوونـەوە، خۆپیشـاندان، مانگرتـن، ئـازادی پێکهێنانـی ئەحـزاب و چالاکـی سیاسـی، پێکهێنانـی شـۆرا، سـەندیکا و هـەر جـۆرە ڕێکخراوێکـی پیشـەیی و سیاسـی و جەمـاوەری. دابینکردنـی ئیمکانـی دەسـتڕاگەیشـتنی گشـتی

بە میدیاکان، بڵاوکراوە و چاپەمەنی، کەناڵەکانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن، هەڵوەشاندنەوەی هەموو جۆرە سانسۆرێک.

٣ – زەمانەتکردنی گوزەران و خۆشبژێویی هەموو هاووڵاتییان بەپێی ستانداردەکانی دنیای ئەمڕۆ لەلایەن دەسەڵاتی شۆرایی لە کوردستان، دابینکردنی بیمەی بێکاری بۆ هەموو کەسانی ئامادە بە کاری باڵای ٦١ ساڵ و سەرجەم ئەو کەسانەی کە بە هۆکاری جەستەیی یان دەروونی توانای کارکردنیان نییە. زەمانەتکردنی پەروەردە و تەندروستی بەخۆڕایی بۆ هاووڵاتییان، دابین و زەمانەتکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا، دابینکردنی ژیان و ڕەفاهی کەمئەندامان و فەراهەمکردنی ئیمکاناتی پێویست بۆ سەلماندن و نیشاندانی توانای کۆمەڵایەتییان لەلایەن دەوڵەت، دابینکردنی ژیان و گوزەرانی بەساڵاچووان و دابینکردنی شوێنی گشتی و گونجاو بۆ ئاگالێبوونیان.

٤ – جیایی کامڵی دین لە دەوڵەت و پەروەردە. هەڵوەشاندنەوەی هەموو یاسا ئایینییەکان، هەڵوەشاندنەوەی ناوەند و دامەزراوە مەزهەبییە حکوومەتییەکان. هەڵوەشاندنەوەی هەموو جۆرە هەڵاواردنێک لە پیشەکانی دەوڵەت و مافی تاکەکان بەپێی باوەڕمەندبوون یان نەبوونیان بە مەزهەب. هەڵوەشاندنەوەی یارمەتی ماڵی و غەیری ماڵی حکوومەتی شۆرایی بە چالاکی و دامەزراوە مەزهەبییەکان. هیچ ئایینێک لە کوردستان بە ئایینی ڕەسمی ناناسرێت. دین و مەزهەب بابەتی خسووسی تاکەکان دەبێت. هەموو کەس لە کوردستان لە پەیڕەو کردن یان نەکردنی هەر مەزهەبێکدا ئازادە.

٥ – هەڵوەشاندنەوەی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن و ستەمی ڕەگەزی لەڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی نیزامی ئاپارتایدی ڕەگەزی، هەڵوەشاندنەوەی هەموو یاسایەکی دژەژن و پارێزەری هەڵاواردن. ڕاگەیاندن و بەکردەوە دەرهێنانی بەرابەریی کامڵی ژنان لەگەڵ پیاوان لە هەموو بوارێکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کلتووری و بنەماڵەیی. ژنان لە هەڵبژاردنی جلوبەرگدا ئازادن و هەر جۆرە شەرت و مەرجێکی فەرمی یان زمنی بۆ پۆششی ئەوان قەدەغەیە. هەڵوەشاندنەوەی بێ شەرت و مەرجی یاسا و فۆرمەکانی هەڵاواردن دژبە ئاراستە جنسی و جنسییەتییەکان. بەڕەسمی ناسینی کۆمەڵگەی پەلکەزێرینەکان. بێ تاوان پێناسەکردنی هەموو ئاراستە جنسییەتییەکان و پابەندبوونی بێ شەرت و مەرج بە هەموو مافەکانی ژنان لەئاست جەستە و چارەنووسی خۆیان.

٦ – مافی دەنگدانی گشتی، یەکسان، ڕاستەوخۆ و نهێنی بۆ هەموو کەسانی سەرووی ٦١ ساڵ بە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز، ئایین، نەتەوە و بیروباوەڕی سیاسی. مافی هەر تاکێکی سەرووی ٨١ ساڵ بۆ هەڵبژێردران لە هەر ناوەند و ئۆرگانێکی نوێنەرایەتی. یەکسانی کامڵی مافە یاساییەکانی هەموو تاکەکان لە کوردستان بە بێ لەبەرچاوگرتنی نەتەوە، ئایین، مەرام و باوەڕی سیاسی ئەوان. زمانی کوردی بەڕەسمی لە خوێندنگا و زانکۆکانی کوردستاندا دەوترێتەوە و لە ئیداراتی دەوڵەتی و دامەزراوە کلتووری و هونەری و میدیاکاندا بەکار دەهێندرێت. لە کوردستانی ئازادکراودا پەنابەرانی سیاسی بە بێ شەرت و مەرج وەردەگیرێن. هەر کرێکارێکی کۆچبەر و یان هەر پەنابەرێک لە مافی کامڵ و بەرابەر لەگەڵ باقی دانیشتووان بەهرەمەند دەبێت.



٧ – قەدەغەکردنی کاری پیشەیی بۆ منداڵانی ژێر تەمەنی ٨١ ساڵ. زەمانەتکردنی بەهرەمەندبوونی هەموو منداڵان لە پەروەردە و تەندروستی بەخۆڕایی و دابینکردنی سڵامەت و شادی و پێکهێنانی بارودۆخی گونجاو بۆ گەشە و پشکووتنی تواناکانیان. بەتاوان پێناسەکردنی هەرجۆرە تەعەڕوز و دەستدرێژی سێکسی بۆسەر منداڵان و پاراستنی منداڵان لەلایەن حکوومەتی شۆرایی لە کوردستان. منداڵان بە بێ لەبەرچاوگرتنی لەدایکبوونیان بەر لە هاوسەرگیری یان دوای هاوسەرگیری، پێویستە بەتەواوی لە مافی یەکسان بەهرەمەند بن.

٨ – کەمکردنەوەی ماوەی کاری هەفتانە بەلانیزۆرەوە بۆ ٥٣ سەعات و دیاریکردنی لانیکەم دوو رۆژ پشووی بەردەوام لە هەفتەدا. دیاریکردنی لانیکەمی حەقدەستی ڕەسمی بە ڕەزایەتی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کرێکاران بەپێی تێچووی دابینکردنی ژیانێکی خۆشبژێو و ئینسانی و بردنەسەری بەپێی ڕێژەی ڕاستەقینەی هەڵاوسان. ڕێگریکردن لە دەرکردنی کرێکاران لەلایەن خاوەنکارەوە. قەدەغەکردنی شەوکاری لە هەموو شوێنێک، بێجگەلە ئەو شوێنانەی کە بەهۆکاری تەکنیکی یان ڕەفاهی کۆمەڵایەتی، شەوکاری تێیاندا بابەتێکی پێویستە. زەمانەتکردنی ئیمەنی و سڵامەتی شوێنی کار و هێنانەخواری مەترسییەکانی شوێنی کار بۆ کەمترین ئاست، بیمەی کامڵی کرێکاران لە بەرابەر زیان و خەساراتی سەرچاوەگرتوو لە کار. حەقدەستی بەرابەر بۆ ژنان و پیاوان لە بەرامبەر کاری یەکسان. پێکهێنانی هەیئەتەکانی لێکۆڵینەوەی کرێکاری، کە لەلایەن کرێکارانەوە هەڵدەبژێردرێن.

٩ – دادوەر و دادگا و سیستەمی دادوەری دەبێت لەڕووی یاساییەوە سەربەخۆ بن. بنەما لە هەموو دادگاییکردنەکاندا بێتاوانبوونی تۆمەتبارە. بەهرەمەندبوون لە ئیمکاناتی بەدواداچوون و موحاکمەی دادپەروەرانە و هەبوونی پارێزەر مافی هەموو تاکێکە. هەر جۆرە ئەشکەنجە، ترساندن، سووکایەتی پێکردن، گوشاری دەروونی و فکری بۆسەر تاکەکان قەدەغەیە و سەرپێچی کردن لێی بەتاوان هەژمار دەکرێت. هەرجۆرە دانپێدانانێکی زۆرەملێ بێ ئیعتبارە.

٠١ – مافی ژیان سەرەکیترین مافی ئینسانە. سزای سێدارە و زیندانی هەتاهەتایی لە هەموو بارودۆخێکدا قەدەغەیە. ئینسانەکان پێویستە لە هەر جۆرە دەستدرێژییەکی جەستەیی و دەروونی پارێزراو بن.

١١ – هەموو بەندکراوانی سیاسی و عەقیدەتی پێویستە

دەستبەجێ و بە بێ شەرت و مەرج ئازاد بکرێن و بە تاوان زانینی چالاکی سیاسی پێویستە قەدەغە ڕاگەیەندرێت.

٢١ – بڕیاردەران و ئەنجامدەرانی سەرکوت و ئەزیەت و ئازاری خەڵک پێویستە دەستگیر بکرێن و لە دادگای گشتیدا موحاکمە بکرێن.

٣١ – ڕێگریکردن لە تێکدان و لەناوبردنی ژینگە و ڕێوشوێنی دەستبەجێ و بەرنامەی درێژخایەن بۆ پاراستنی ژینگە و سەرچاوە گرنگەکانی ئاو و خاک و هەوای سالم؛

٤١ – دەسەڵاتی شوڕایی خەڵکی کوردستان پشتیوانی لە بزووتنەوەی کرێکاری، سۆسیالیستی و ئازادیخوازانە لە سەرانسەری جیهان و پشتیوانی لە خەباتی خەڵکی کوردستان لە بەشەکانی دیکە بۆ ئازادی و ڕزگاری لە ستەمی نەتەوەیی بە ئەرکی خۆی دەزانێت.

٥١ – گرتنە ئیختیاری سەرجەم دامەزراوە سەنعەتی و بازرگانییەکانی سەربە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی. گرتنە ئیختیاری مەوقوفات و سەپاندنی ماڵیاتی تەساعودی بەسەر میرات و دارایی و داهاتەکانی بەدەستهاتوو لە خاوەندارێتی بەسەر ئامرازی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕ. چاوەدێریی شوڕا دێموکراتیکەکانی خەڵک بەسەر بابەتی دابەشکردنی کاڵاکان.

شوڕای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان هەوڵ دەدات هەموو خواستەکان، ماف و ئازادییەکانی خەڵک کە بەشێکی لە مەنشووری سەرەوەدا هاتووە بکرێنە بنەمایەک بۆ داڕشتنی یاسای بنەڕەتی دەسەڵاتی شوڕایی خەڵک لە کوردستان.

بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بە هەڵکردنی ئاڵای داخوازییەکانی سەرەوە و بە یەکگرتوویی و هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران، بزووتنەوەی ڕزگاری ژن و هەموو بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵک لە سەرانسەری ئێران، بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی دەسەڵاتی شوڕایی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بێبەشان و بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد و بەرابەر کە تێیدا سەروەت و سەرچاوە دەوڵەمەندە سرووشتییەکان لە خزمەت خۆشبژێویی گشتیدا بن، خەبات دەکات. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان مەرجی بەرەوپێشچوون و زەمانەتکردنی سەرکەوتنی خۆی لە یەکگرتوویی و لە هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی سەرانسەریدا دەبینێت.

شۆڕای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

خەرمانانی ٢٠٤١ – سێپتامبری ٣٢٠٢

***

## ڕژیمی کۆماری ئیسلامی داکۆکیکاری درۆیینی خەڵکی فەلەستین

زیاتر لە دوو هەفتە بەسەر هێرشی هێزە چەکدارەکانی حەماس بۆسەر ناوچە داگیرکراوەکان و مووشەکبارانی شارەکانی ئیسرائیل تێدەپەڕێ. لەم هێرشەدا دەیان سەربازی سوپای ئیسرائیل کوژران یان بە دیل گیران و زیاتر لە هەزار کەس لە خەڵکی سڤیلی ئیسرائیل بەشێوەیەکی دڕندانە کوژران و هەندێکیشیان بە بارمتە گیران. سوپای ئیسرائیل لە سەرەتای دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی حەماسەوە بۆ ماوەی ٦١ ڕۆژ و شەوە کە کەرتی غەززەی خستووەتە ژێر بۆردومانێکی قورس و




بەردەوامەوە. تەنانەت کاتێک سوپای ئیسرائیل وادەی بۆ چۆڵکردنی باکووری غەززە دیاریکرد، بە مووشەکبارانی کاروانی ئاوارەکان دەیان کەسی لە خەڵک خەڵتانی خوێن کرد. تەنها شەوی یەکشەممە ٢٢ی ئۆکتۆبر ٠٢٣ خاڵ لە غەززە لە لایەن حکوومەتی ئیسرائیلەوە کرانە ئامانج. کاربەدەستانی پزیشکی لە کەرتی غەززە ڕایانگەیاند، ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی هێرشەکانی ئیسرائیلەوە کوژراون زیاتر لە پێنج هەزار کەسە و ژمارەی بریندارەکانیش زیاتر لە ٥١ هەزار کەسە و زیاتر لە یەک ملیۆن کەسیش ناچار بوون ماڵەکانیان بەجێبهێڵن. بەپێی دوایین ڕاپۆرتەکان بەهۆی بۆردومانی ئیسرائیل زیاتر لە ٠٠٠٢ منداڵ گیانیان لەدەستداوە. ئەم سیاسەتەی کوشتنی بەکۆمەڵی فەلەستینییەکان لە کاتێکدا بەردەوامە کە کەرتی غەززە بە تەواوی گەمارۆ دراوە و کارەبای غەززە پچڕاوە و دانیشتووانی بۆ دابینکردنی ئاو و خۆراک لە مەزیقە دان. بە گوتەی "تۆماس وایت" لە دەزگای تایبەتی پەنابەرانی فەلەستینی، "٨ هەزار کەس پەنایان بردووەتە ئەنباری بینای ئەم ڕێکخراوە لە غەززە. ئەوان بە لیترێک ئاو و بە تیکە نانێکی بچووک ڕۆژ بەسەر دەبەن". لەم دۆخەدا ئەو سێ کاروانە هاوکارییەی کە نێردراونەتە غەززە، بە هیچ شێوەیەک وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی ئەم دۆخە کارەساتبارە مرۆییە نییە. بەسەرەنجدان بەوەیکە دەوڵەتی ئیسرائیل بەردەوام بانگەشەی شەڕ دەکات و ڕایگەیاندووە کە تا کاتێک دیلەکان ئازاد نەکرێن و حەماس خۆی تەسلیم نەکات بە گەمارۆ و بۆمبارانی غەززە درێژە دەدات، کارەساتی ترسناکتر بەڕێوەن. لە کاتێکدا تاوانە جەنگییەکانی دەوڵەتی ئاپارتایدی ئیسرائیل لە غەززە بەردەوامە، سەرکردەکانی حکوومەتەکانی ئەمریکا، بەریتانیا، کەنەدا، فەرەنسا، ئەڵمانیا و ئیتالیا لە بانگەوازێکی هاوبەشدا بۆ پشتیوانیکردن لە "مافی ئیسرائیل بۆ بەرگری لە خۆی دژبە تیرۆر" جەختیانکردەوە و بەم بانگەوازە تاوانە جەنگییەکانی نەتانیاهۆیان پەسەند کردووە.

خامنەیی و بەرپرسانی دیکەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە یەکەم ڕۆژی ئەم شەڕە کۆنەپەرستانەوە، کوشتنی ژن و منداڵ و بەساڵاچووانی ئیسرائیلی لە لایەن هێزەکانی حەماس و جیهادی ئیسلامییەوە " کردەوەی خۆڕسکی نەتەوەی فەلەستین لەڕێگەی ئۆپەراسیۆنی تۆفانی ئەقسا"وە ناولێنا و پاساویان بۆ هێنایەوە. ڕەئیسی

ڕووبە ئیسرائیل و ئەمریکا ڕایگەیاند: "ئۆمەتی ئیسلامی تۆڵەیەکی سەختتان لێ دەکاتەوە". پشتیوانی دەوڵەتی ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لە جەنایەتی جەنگی دەوڵەتی ئیسرائیل، دژایەتی ئەوان لەگەڵ ئاگربەست لەلایەکەوە و هەڕەشە و جموجۆڵی کۆماری ئیسلامی و گرووپە تیرۆریستە ئیسلامییەکانی وەک حەماس، جیهادی ئیسلامی، حیزبوڵڵا و حەشدی شەعبی و هیتر لەلایەکی دیکەوە، مەترسی پەرەسەندنی شەڕیان لە ناوچەکە کردووەتە بابەتێکی موتحەمل.

گرووپە ئیسلامییەکان بە دامەزراندنی تۆڕێکی بەرین لە ناوەندە خێرخوازییەکان، بەناو "ڕێگاچارەی ئیسلامی"یان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پێشکەش کرد و لە ناو چینی ماناوەند و هەژاردا هێزێکی تازەیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا. ڕەوتە ئیسلامییەکان کە لە بزووتنەوەی حەماس، جیهادی ئیسلامی فەلەستین و لە گرووپە چکۆلەتردا خۆیان ڕێکخستبوو، دواتر لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە پشتیوانی ماڵی و تەسلیحاتی کران.



خامنەیی و سەرانی دیکەی کۆماری ئیسلامی بەردەوام لە مەسەلەی فەلەستین لەپێناو بەرژەوەندی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێونەتەوەیی ڕژێم کەڵکیان وەرگرتووە. ئەوان لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا بە بیانووی بەرگری لە "ئازادی فەلەستین و سڕینەوەی ئیسرائیل" ڕەوتە کۆنەپەرستە ئیسلامییەکانیان لە ناوچەکە بەهێز کردووە و بزووتنەوە پێشڕەو و سێکۆلارەکانیان خستووەتە ژێر گوشارەوە. لە کۆتاییەکانی دەیەی شەستی سەدەی ڕابردووی زایینی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی، لە ئاکامی سیاسەتی زلهێزە ئیمپریالیستەکان و بەهۆی پشتیوانی ئەمریکا لە گرووپە ئیسلامییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ پەرەسەندنی نفووزی یەکیەتی سۆڤیەت و لەپێناو لاوازکردنی پێگەی ڕەوتە چەپ و سێکۆلارەکان بەهێز کران. لە لایەکی دیکەوە لە ئاکامی پەرەسەندنی قەیرانی ئابووری لە وڵاتانی باکووری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاشکرا بوونی بێتوانایی مۆدێلی سەرمایەداری دەوڵەتی و پەرەسەندنی ناسیۆنالیستی لە چارەسەر کردنی ئەم قەیرانە و لە نەبوونی بزووتنەوەیەکی بەهێزی کرێکاری و سۆسیالیستی، بوار بۆ گەشەی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی فەراهەم بوو.

سەرانی ڕژێم، ئەم هێزە کۆنەپەرستانەیان ناو نا "مەحوەری بەرگری". لە هەمانحاڵدا لە ساڵی ۲۸۹۱ "حیزبوڵڵا"ی لوبنانیان دامەزراند. ئەوان ساڵانە بە میلیاردها دۆلار لە سەروەتی کۆمەڵگا و بەرهەمی چەوساندنەوەی کرێکارانیان دەکردە گیرفانی ئەم هێزە کۆنەپەرستانەوە تا بەناو ئیسرائیل گەمارۆ بدەن. بەڵام ئەوان لە هەمانحاڵدا بە پشت بەستن بەم هێزە و هاوپەیمانی ستراتیژیک لەگەڵ ڕژیمی سوریە، دەستیان کرد بە هەڕەشە کردن لە وڵاتانی ناوچەکە. بەرهەمی ئەم سیاسەتە کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامی، بوونی وڵاتانی حەوزەی کەنداو بە زەرادخانەی چەکی ئەمریکایی و بە تاڵان چوونی داهاتە نەوتیەکانی ئەم وڵاتانە لە لایەن دەوڵەتی ئەمریکا و باقی دەوڵەتانی ڕۆژئاواوە بوو. کۆماری ئیسلامی لەم ماوەیەدا بە بەهێز کردنی حەماس لە بەرانبەر فەتح دا بوو بە هۆی دووڵەت بوونی هەیئەتی حاکمەی فەلەستین و ڕێکخراوە چەکدارەکانیان. ئەمەش لە کردەوەدا بە قازانجی حاکمان و بۆرژوازی ڕاستی ئیسرائیل شکایەوە. ئەوان بە بیانووی بەهێز کردنی ئەمنیەتی ئیسرائیلیەکان، پەرەیاندا بە دروست کردنی شارۆچکەکان لەسەر زەویە داگیرکراوەکان. هێزی ئیسلامی حەماس، جیهادی ئیسلامی و باقی هێزە ئیسلامییەکان بە هاویشتی مووشەکی نێردراو لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بەرەو ناوچە داگیرکراوەکانی ژێر دەستی ئیسرائیل بە شێوەی بەردەوام بیانوویان ئەدایە دەست ئەم ڕژیمە ڕەگەزپەرستە، تا بە دەستی کراوەترەوە کوشتاری خەڵکی فەلەستین و داگیرکاری درێژە پێبدات.

خامنەیی و باقی سەرانی کۆماری ئیسلامی ئەمجارەیان دەیانهەوێ بە بیانووی جەنایەتی جەنگی دەوڵەتی ئیسرائیل و پشتیوانی دەوڵەتی ئەمریکا لەم جەنایاتە و بە وەڕێخستنی جار و جەنجاڵ لە دەوری حمایەت لە خەڵکی فەلەستین بێجگەلە بەرەوپێشبردنی ئامانجە ناوچەییەکانیان، بیروڕای گشتیش لە ئاست هەژاری و فەلاکەتی ئابووری و نەهامەتیە کۆمەڵایەتییەکان و لەئاست جەنایاتێک کە دژبە خەڵکی ئێران ئەنجامیان داوە بەلاڕێدابەرن. بەڵام خەڵکی ئێران گەلێک جار دیفاعی درۆینەی سەرانی ڕژێم لە خەڵکی فەلەستینیان لەقاوداوە و ناکاریگەربوونی ئەم جەنجاڵە تەبلیغاتییەیان نیشان داوە.

ئێستا ئیتر لە کەس شاراوە نییە کە ڕاسترین هێزەکان لە ناوەوەی ئیسرائیل بە گەورەکردنەوەی مەترسی حەماس و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و باقی ڕەوتە ئیسلامییەکانی سەربەوان، هاتوونەتە سەر کار. ئەوان بە بیانووی حەماس، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، حیزبوڵڵای لۆبنان و باقی گرووپە تیرۆریستە ئیسلامییەکان، کرێکاران و خەڵکی لایەنگری ئاشتییان لە ئیسرائیل و فەلەستین سەرکوت کردووە. سەرانی حەماس و فەتحیش لە درێژەی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە و سەرکوتگەرانەی دەوڵەتی ئیسرائیل دژبە خەڵکی ستەمدیدەی فەلەستین تەغزیە دەکەن. دەوڵەتی ئەمریکاش بە کەڵک وەرگرتن لەم بارودۆخەی ئێستایە کە سیاسەتی ئیمپریالیستی پشتیوانی لە دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل و داگیرکردنی ناوچەکانی فەلەستین بەڕێوە دەبات.

خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی فەلەستین بۆ تێپەڕین لەم بارودۆخە کارەساتبارە ڕێگایەکیان لەبەر نییە بێجگەلە ڕێکخستنی خەباتی جەماوەری و هاوپشتی لەگەڵ کرێکاران و هێزە ئازادیخواز و ڕەوتە شۆڕشگێڕەکان لە ئیسرائیل و ڕاکێشانی پشتیوانی هێزە پێشکەوتنخوازەکان لەئاستی جیهان لەپێناو تەقویەتی هاوسەنگی هێز لە خەبات بەرامبەربە ڕژیمی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل و ڕەوتە کۆنەپەرستە ئیسلامییەکان. تەنها ئاخێزی یەکپارچەی جەماوەری دەتوانێ بەرەنگاری هێژمۆنی نیزامی ئیسرائیل

بێتەوە و بە حمایەت و تەقویەتی هێزی هاوپشتی جیهانی لەگەڵ خەڵکی فەلەستین دەکرێ هاوسەنگی هێز بە قازانجی خەباتی مافخوازانە و ئازادیبەخشی ئەم نەتەوە ستەمدیدەیە بگۆڕدرێت. لە ئێستادا پێویستە مرۆڤە ئازادیخواز و یەکسانیخوازەکان لە سەرانسەری جیهان بە دروشمی "ڕاگرتنی دەستبەجێی شەڕ" دژبە جەنایاتی دەسەڵاتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل بێتە مەیدان.

***

## ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان:
## دژبە تاوانی دەوڵەتی دەستی ڕاستی ئیسرائیل،
## دژبە کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی فەلەستین ڕاپەڕن

زیاتر لە دە ڕۆژە کە خەڵکی بێدیفاع و ستەمدیدەی فەلەستین لە کەرتی غەزە لەلایەن هێزەکانی ئیسرائیلەوە گەمارۆ دراون و ڕێگای چوونەدەر لە ناوچەی شەڕیان لێ بەستراوە. لەدوای هێرشی تیرۆریستی حەماس بە پشتیوانی دەوڵەتی جەنایەتکار و تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی بۆسەر ناوچە سنوورییەکانی ئیسرائیل و کوشتنی خەڵکی مەدەنی و بەدیلگرتنی دەیان کەس لە خەڵکی بێدیفاع، کەرتی غەزە و دانیشتووانی لەلایەن دەوڵەتی ئیسرائیلەوە کەوتوونەتە بەر وەحشیانەترین بۆمبارانەوە. بەهۆی ئەم هێرشانەوە هەتا ئێستا هەزاران کەس کوژراون، بریندار و ئاوارە بوون. لە درێژەی ئەم جەنایەتانەدا، بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە نەخۆشخانەی "المعمدانی" لە غەزە کەوتە بەر موشەکی هێزەکانی ئیسرائیل کە هەزاران بریندار تێیدا ڕاگیرابوو، زیاتر لە ٠٠٥ کەس کوژراون و بووەتە کارەساتێکی ئینسانی.

دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل بە بیانووی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ڕەوتی تیرۆریستی حەماس دەمێکە کەرتی غەزەی کردووەتە زیندانێکی گەورە. ئاو و بەرقی قەتعکردووە و دانیشتووانی لە دەستڕاگەیشتن بە سەرەتاییترین ئیمکاناتی ژیان بێبەری کردووە. سەدان خانووی وێران کردووە و تەنانەت ڕەحمی بە نەخۆشخانەی "المعمدانی"یش نەکردووە کە هەزاران بریندار تێیدا لەژێر چاوەدێریدا بوون. دەوڵەتی ئیسرائیل بەکردەوە غەزەی کردووەتە قەتڵگای بەکۆمەڵی خەڵکی بێدیفاعی فەلەستین و ڕێگای دەربازبوونی بۆ نەهێشتوونەوە. ئەوەیکە لەئێستادا لە غەزە ڕوو دەدات نەک بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ تیرۆریزم، بەڵکوو کوشتنی بەکۆمەڵی خەڵکی فەلەستین بەبیانووی بەرەنگاربوونەوە دژی تیرۆریزمە کە لە یاسا نێونەتەوەییەکاندا بە تاوانی شەڕ بەحیساب دێت.




دەوڵەتی دەستی ڕاستی ئیسرائیل بەرپرسی هەموو ئەو کارەساتانەیە کە لە کەرتی غەزە لەئارادایە. ڕەوتی تیرۆریستی حەماس بەرهەمی سیاسەتی داگیرکەرانە و ستەم بەرامبەربە خەڵکی فەلەستین و کوشتن و ئاوارەکردنی ئەم خەڵکەیە لەماوەی چەندین دەیەدا. دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل لە باروودۆخێکی قەیراناویی بێوێنەدایە. درێژەی ئەم شەڕە و کوشتاری خەڵکی فەلەستین بە بیانووی تیرۆریزمی حەماس، دەوڵەتی ئیسرائیلی دژبە خەڵکی فەلەستین یەکگرتوو کردووە. هەروەها پشتیوانی بەردەوامی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و شەریکە ئوروپاییەکانی بە بیانووی "مافی بەرگری لە خۆ" دەستی دەوڵەتی ئیسرائیلی لە ئەنجامدانی جەنایەت دژبە خەڵکی فەلەستین ئاواڵە هێشتووەتەوە. بایدێن لە دیدار لەگەڵ نەتانیاهو، جەنایەتی نەخۆشخانەی "المعمدانی" لە غەزەی بە تیرۆریستە ئیسلامییەکان نیسبەت دا و پاکانەی بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل کرد. ڕەوتەکانی لایەنگری ڕۆژئاوا و فاشیست و ناسیۆنالیستە ئێرانییەکانیش لە دژایەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بوونەتە داکۆکیکاری دەوڵەتی ئیسرائیل و بوونەتە شەریکی کردەوەی تاوانکارانەی دەوڵەتی ئیسرائیل بەرانبەر بە خەڵکی فەلەستین.

شۆرای هاوکاری هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان بۆمباران و کوشتار و ئاوارەکردنی خەڵکی بێدیفاعی فەلەستین لەلایەن دەوڵەتی ئیسرائیلەوە بەتوندی مەحکووم دەکات و داوا لە هەموو خەڵکی ئازادیخواز و هەموو پارت و ڕەوتە پێشکەوتنخوازەکان دەکات کە دژبە کۆمەڵکوژی خەڵکی فەلەستین بێنە مەیدان و ناڕەزایەتی دەربڕن. منداڵکوژی و کۆمەڵکوژی خەڵکی فەلەستین وڵامی هێرشی تیرۆریستی حەماس نییە. چ حەماس و پشتیوانانی و چ دەوڵەتی ئیسرائیل خوازیاری چارەسەرکردنی ڕیشەیی مەسەلەی فەلەستین نین. بەڵکوو تەنانەت لەم دوژمنایەتییە بە قازانجی مانەوەی دەسەڵاتەکەیان و بۆ بەهێزکردنی تیرۆریسم و پەرەپێدانی نەفرەتی قەومی و ڕەگەزی لە هەر دوو لا کەڵکی لێ وەردەگرن. چارەسەرکردنی پرسی فەلەستین، تەنها لەڕێگەی بەڕەسمی ناسینی ئازادی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی فەلەستین و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستینی دێتە دی. بۆ ڕێگریکردن لە کوشتاری دڵتەزێنی خەڵکی فەلەستین، ڕاگرتنی دەستبەجێی شەڕ و گەیاندنی یارمەتی ئینسانی لەئاستێکی بەرین و زەمانەتکردنی ئەمنیەتی گیانی دانیشتووانی فەلەستین، خواستی بەپەلەی هەموومانە.

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان داوا لە کرێکاران و خەڵکی ئازادیخوازی جیهان دەکات کە دژبەم شەڕە کۆنەپەرستانەیە و بۆ ڕاگرتنی شەڕ و کۆتاییهێنان بە کۆمەڵکوژی خەڵکی فەلەستین لەلایەن دەوڵەتی ئسیرائیلەوە بێنە مەیدان و ناڕەزایەتی دەربڕن.

بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی

بژی ئازادی، بژی سۆسیالیزم

واژۆکان: سازمانی ئیتحادی فیدائیانی کۆمۆنیست، ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری – حێکمەتیست، سازمانی ڕاهی کاریگەر، سازمانی فەدائیان (ئەقەلیەت) و هەستەی ئەقەلیەت

٦٢ی ڕەزبەری ٢٠٤١ – ٨١ی ئۆکتۆبری ٣٢٠٢

***

# بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕی کۆنەپەرستانەی ئیسرائیل و حەماس پێویستە هەمومرۆڤیکی ئازادیخواز و یەکسانیخواز بێتە مەیدان

زیاتر لە دوو حەفتە بەسەر هێرشی حەماس و دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە بۆمبارانەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل دژبە دانیشتووانی غەزە تێدەپەڕێ. لە جەریانی هێرشی ڕێکخراوی کۆنەپەرستی حەماس زیاتر لە ٠٠٤١ کەس لە ئیسرائیل کوژران کە زۆربەیان کەسانی مەدەنی بوون. دەوڵەتی داگیرکەری ئیسرائیل لە کاردانەوە بە هێرشی حەماس، ژێرخانەکان، ماڵی خەڵک و تەنانەت نەخۆشخانەکانی بۆمباران کرد و لە درێژەدا بە بڕینی ئاو، بەرق، سووتەمەنی، دەرمان و هەموو پێداویستییەکانی ژیانی زیاتر لە دوو ملیۆن کەس لە دانیشتۆانی غەزە، ئەم ناوچەیەی خستووەتە بەردەم کارەساتێکی ئینسانییەوە. بەپێی ڕاگەیاندنی کاربەدەستانی فەلەستینی لە کاتی دەستپێکی شەڕ لە غەزەوە هەتا ئێستا زیاتر لە ٠٠٢٤ کەس گیانیان لەدەست داوە و زیاتر لە ٠٠٠٢١ هەزار کەس بریندار و نزیک بە یەک ملیۆن کەس ئاوارە بوون. دەوڵەتی ئیسرائیل تەنانەت سنووری باشووری غەزەی بەرەو میسر داخستووە و لە هاتنی دەرمان و خۆراک بۆ دانیشتووانی غەزە ڕێگری کردووە. هەموو ئەم بەربەریەتە لەژێرناوی دیفاع لە مەوجوودیەتی دەوڵەتی داگیرکەر و ڕەگەزپەرستی ئیسرائیلەوە ئەنجام دەدرێت. هەموو ئەم جەنایەتانە لەبەرچاوی بیروڕای گشتی جیهاندا ڕوو دەدات. دەوڵەتی ئەمریکا و دەوڵەتانی ئورووپایی ئەندامی ناتۆ کە شەو و ڕۆژ سەبارەت بە دیموکراسی و مافی مرۆڤ هاوار دەکەن، بە هەموو هێزەوە لەپێناو پاکتاوکردنی خەڵکی فەلەستین لە کەرتی غەزە پشتیوانی لە دەوڵەتی ئیسرائیل دەکەن و لەوەش واوەتر یارمەتی نیزامییان ڕەوانەی ئیسرائیل کردووە.

ئایا بۆمان نییە بپرسین: چونە کە هەموو بڕیارنامەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە پێکهێنانی دەوڵەتی فەلەستین و گەڕانەوەی زیاتر لە چوار ملیۆن ئاوارەی فەلەستینی لەلایەن دەوڵەتی داگیرکەری ئیسرائیلەوە لە ناوچەکە پێشێل کرا بەڵام دەنگێک لەم بەناو "جیهانە ئازادە"وە نەبیسترا؟ لە ڕۆژی پێنجەمی ئەم شەڕە کۆنەپەرستانەیەدا پێشنیاری ئاگربەستی کاتی دەوڵەتی بڕێزیل کە سەرۆکی دەورەیی شۆرای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە، بەرەوڕووی دەنگی نای ئەمریکا دەبێتەوە. لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا دەوڵەتی ئەمریکا پەنجا و سێ بڕیارنامەی دژبە ئیسرائیلی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڤیتۆ کردووە. ئایا بۆمان نییە بپرسین چۆنە کە کەمینەیەکی دانیشتووی ئەم ناوچەیە بەدەر لە چۆنیەتی حزووریان لەم ناوچەیە مافی پێکهێنانی دەوڵەتی خۆیان هەیە، بەڵام زۆرینەی دانیشتووانی ناوچەکە هەروا لە کەمپەکانی پەنابەری و یان لە زیندانی گەورەی غەزەدا دەبێ بەسەر بەرن؟

ئەوە ڕازێکی نهێنی نییە کە خۆفناکترین تاوانەکانی سەدەی ڕابردوو لەلایەن نازییەکانەوە لەژێرناوی "چارەسەرکردنی مەسەلەی یەهوود" دژبە یەهوودییەکان ئەنجام درا.




بایەخنەدان و کەمتەرخەمی دەسەڵاتە گەورەکانی ڕۆژئاوا بۆ ڕێگری لەم جەنایەتە ترسناکانە، هێشتا لەسەر ویژدانی کۆمەڵگای ڕۆژئاوا قورسایی دەکات. ئایا ئەوە نەتەوەی فەلەستینە کە دەبێ تاوانی ئەم جەنایاتە خۆفناکەی سەدەی ڕابردوو دژبە یەهوودییەکان بداتەوە. واتە نەتەوەیەک کە هیچ ڕۆڵێکی لەم ستەمە مێژووییە و لەم جەنایەتانەدا نەبووە. ئەوانەی وا هۆکاری ئەم ستەمە درێژخایەنە بوون و هەست بە شەرمەزاری دەکەن، بەرامبەر بە هەموو ئاکامە خوێناوییەکانی داگیرکاریی دەوڵەتی دەستی ڕاستی ئیسرائیل کە بە ناهەق خۆی بە میراتگری مێژوویی و بیرەوەریی بەکۆمەڵی یەهوودییەکان دەزانێ، بێدەنگیان گرتۆتە بەر.

لەماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا بۆ جارێکی تر دەرکەوت کە "یەکەمین قوربانی لە شەڕدا، حەقیقەتە". بڵندگۆکانی زلهێزە ئیمپریالیستەکان، هەر ئەوانەی وا دەوڵەتی ئیسرائیلیان وەک پێگەیەک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەپێناو زاڵبوون بەسەر ئەم ناوچەیەدا ڕێکخست، بە بێ هیچ نیگەرانییەک جێگای داگیرکەر و داگیرکراو دەگۆڕن. بە بێ هیچ شەرمێک بەرامبەر تیرۆریزمی زیاتر لە حەفتا ساڵی دەوڵەتی ئاپارتایدی ئیسرائیل، تیرۆریزمی ڕەوتێکی ئیسلامییان بەرجەستە کرد. تا بتوانن حەماس نوێنەری خەڵکی فەلەستین پێناسە بکەن بۆ ئەوەی هەرجۆرە دیفاعێک لە مافی ژیانی نەتەوەی فەلەستین دژایەتی لەگەڵ یەهوودییەکان ناو بنێن و لەسەر بینا دەوڵەتییەکان ئاڵای ئیسرائیلیان هەڵکرد. ئەم دەسەڵاتدارانەی دنیای بەناو ئازاد فەرامۆشیان کرد کە بڵێن کاتێک بۆ چەندین دەیە خەڵکێک گەمارۆ دەدەن، وڵاتیان داگیر دەکەن و لە هەر دەرفەتێکدا بە بیانوویەکەوە ماڵی هەژارانەیان بۆمباران دەکەن و زیاتر لە دوو ملیۆن کەسیان دەخەنە زیندانێکی سەرئاواڵەوە، زەمینە بۆ سەرهەڵدانی ڕەوتە تیرۆریستەکان ئامادە دەبێت. ئەوەیکە حەماس لە حەوتی ئۆکتۆبردا ئەنجامی دا نەفرەتێکی کوێر بوو کە لە ساڵها سەرکوت، ئەشکەنجە و کوشتاری لانیکەم سێ نەسل لە خەڵکی فەلەستینەوە سەرچاوەی دەگرت و ئێستاش لە لایەن ڕەوتێکی تیرۆریستەوە هاتبووە مەیدان. نە حەماس ئیدامەی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی فەلەستینە و نە تیرۆریسمی حەماس لە خزمەت ئاواتی ڕزگاریبەخشی خەڵکی ستەمدیدەی فەلەستین دایە. هێرشی تیرۆریستیی حەماس بە هیچ شێوەیەک هاوشێوەی ئینتیفازەی ئەوەڵ لە ساڵی ١٩٩١ و ئینتیفازەی دووهەم لە ساڵی ٠٠٠٢ نییە.

خەڵکی ستەمدیدەی فەلەستین، بۆ ئازادی و بۆ کۆتاییهێنان بە داگیرکاری و بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان خەبات دەکەن. ڕەوتی کۆنەپەرستی حەماس و ڕێکخراوی جیهادی ئیسلامی هیچ پەیوەندییەکیان بە ئاواتی ئازادیبەخشی خەڵکی ستەملێکراوی فەلەستینەوە نییە. پێویستە خەڵکی فەلەستین لەم ڕەوتە کۆنەپەرستانە جیا بکرێتەوە.

خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی فەلەستین بۆ تێپەڕین لەم بارودۆخە کارەساتبارە ڕێگایەکیان لەبەر نییە بێجگەلە ڕێکخستنی خەباتی جەماوەری و هاوپشتی لەگەڵ کرێکاران و هێزە ئازادیخواز و ڕەوتە شۆڕشگێڕەکان لە ئیسرائیل و ڕاکێشانی پشتیوانی هێزە پێشکەوتنخوازەکان لەئاستی جیهان لەپێناو تەقویەتی هاوسەنگی هێز لە خەبات بەرامبەربە ڕژیمی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل و ڕەوتە کۆنەپەرستە ئیسلامییەکان. تەنها ئاخێزی یەکپارچەی جەماوەری دەتوانێ بەرەنگاری هێژمۆنی نیزامی ئیسرائیل بێتەوە و بە حمایەت و تەقویەتی هێزی هاوپشتی جیهانی لەگەڵ خەڵکی فەلەستین دەکرێ هاوسەنگی هێز بە قازانجی خەباتی مافخوازانە و ئازادیبەخشی ئەم نەتەوە

ستەمدیدەیە بگۆڕدرێت. بە هێزی خەباتی جەماوەری و بە هێزی یەکگرتن و هاوپشتییە کە دەکرێ ئاوات و هیواکانی نەتەوەی فەلەستین بۆ وەدیهاتنی مافی دیاریکردنی چارەنووس و ڕزگاری لە چنگ دەسەڵاتێکی ڕەگەزپەرست و داگیرکەر زیندوو ڕابگیرێت.

***

## سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحیدی ئۆتۆبوسرانیی تاران: بۆردومانی نەخۆشخانەی غەززە و کوشتنی خەڵکی سیڤیل مەحکوومە!

شەڕی ماڵوێرانکەری غەززە سێشەممەی ڕابردوو کارەساتێکی ترسناکی لێکەوتەوە. هەرچەندە تا ئێستا وردەکاری تەقینەوەکەی نەخۆشخانەی ئەلئەهلی لە غەززە جێی مشتومڕە، بەڵام دۆخی کارەساتباری ئێستای غەززە



و کوشتنی خەڵکی بێتاوان و بۆردومانی نەخۆشخانە و ناوچە مەدەنییەکان لەلایەن هەر لایەنێکەوە بێت، پاساوهەڵنەگرە و مەحکوومە.

لەم تەقینەوەیەدا سەدان نەخۆش، منداڵ، پەرستار، پزیشک، کرێکار و خۆبەخشەکانی دیکە کە لەو نەخۆشخانەیە کاریان دەکرد، گیانیان لەدەستدا. سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحید هاودەنگ لەگەڵ سەندیکا کرێکارییەکانی دیکەی جیهان، بە توندی ئیدانەی ئەو تاوانانە دەکات و سەرەخۆشی لە ڕزگاربووانی ئەم کۆمەڵکوژییە دەکات.

خەڵکی فەلەستین بەردەوام بوونەتە قوربانی ململانێی سیاسی و سات و سەودای نێوان زلهێزە جیهانی و ناوچەییەکان. ئێمە وەک ڕێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری لە ئێران وەک چۆن هەمیشە لەلایەن کرێکارانی وڵاتانی ترەوە پشتیوانیمان لێ کراوە، بە ئەرکی خۆمانی دەزانین کە لە کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و ستەملێکراوی شوێنەکانی تری جیهان دیفاع بکەین. بەداخەوە هێندێک بەخاتری ڕق و بێزارییان لە نیزامی کۆماری ئیسلامی و لە حەماس، چاویان بەسەر زیاتر لە ٠٧ ساڵ زوڵم و ستەم دەرحەق بە خەڵکی فەلەستین بەستووە و تەنانەت هێندێک جار لە هێرشی نیزامی دژبە خەڵکی فەلەستین و لە هێرشی نیزامی بۆسەر ئێران پشتیوانییان کردووە.

سەندیکای ئێمە بەردەوام و بێ پسانەوە، لە کاتی پێکهاتنیەوە هەتا ئێستا، لەلایەن هێزە ئەمنیەتی و نیزامییەکان، وەزارەتی کار، شۆرای ئیسلامی کار، حەراسەت و دەست و پەیوەندەکانی خاوەنکارەوە سەرکوت و کۆنترۆڵ کراوە و ئەزیەت و ئازار دراوە. ئەم دەسەڵاتە لەگەڵ ئێمەی کرێکارانی ئەم وڵاتە وەک دوژمن هەڵسووکەوت دەکات. بەڵام هەر ئەندازە ڕق و بێزاریمان لەم هەمووە سەرکوت و بێعەداڵەتییە لەلایەن نیزامی حاکم لە ئێران، نابێ ئێمە لەئاست ستەمێکی چارەسەرنەکراو و بنەمایی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە یەکێک لە هۆکارەکانی تەشەنوجی هەمیشەیی لە ناوچەکە بووە، کەمتەرخەمان بکات و تووشی هەڵسووکەوتی نەشیاومان بکات. مەسەلەی فەلەستین بەر لە هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی و بەر لە پێکهاتنی حەماسیش، مەسەلەیەکی پڕ لە گرژی و کارەساتبار لە ناوچەکە بوو. ئەم پرسە هەتا چارەسەرنەکرانی عادڵانەی بە سوننەتی شەفاف و بە بێ کوشت و کوشتار، بەردەوام بێ چارەسەر دەمێنێتەوە.

ئێمە هەروەک یەکیەتییە کرێکارییەکانی دیکەی جیهان خوازیاری ئاگربەستی دەستبەجێ و کۆتایی هێنان بە شەڕ و گەمارۆی غەززەین. داوا لە هەموو کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی وڵات دەکەین کە بایەخ بە بۆچوون و پروپاگەندەی شەڕخوازانەی هیچ لایەنێک نەدەن. بە ڕەگەزپەرستی، بە تەبلیغاتی دژەعەرەبی، دژەیەهوودی، دژەئەفغانی و بە بۆچوون و چالاکییەکانی دیکەیان کە لەجیاتی یەکگرتوویی و هاوپشتی بەدوای دوژمنایەتی خەڵکی ناوچەکە لەگەڵ یەککترن، هیچ بایەخێک نەدەن. ئێمە کرێکاران متمانەمان بە هیچ دەسەڵاتێک لە جیهاندا نییە. چونکە دەزانین هەر هەموویان ئەو زەرفیەتەیان هەیە کە بەئاسانی لەسەر گیان و چارەنووسی خەڵکی جیهان موعامەلە بکەن. هاودەنگی و دیالۆگی سالم و هەمەلایەنە لە نێوان خەڵکی وڵات و لە نێوان کرێکاران و خەڵکی ستەملێکراو لە ناوچەکە و جیهان، پێویستییەکی بەپەلەیە.

بە هیوای بەرقەراری عەداڵەت لە ئێران، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەرانسەری جیهان

سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحیدی ئۆتۆبوسرانیی تاران و دەوروبەر

٧٢ی ڕەزبەری ٢٠٤١

***

Peshrawcpiran

# یەکشەممە و دووشەممە و سێشەممەکانی نارەزایەتی، بزووتنەوەی شکۆمەندی خانەنشینان
# تەنها لەسەر شەقامەکان، بەدەست دێنین مافمان

دوای تێپەڕینی زیاتر لە یەک ساڵ بەسەر دەستپێکی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و سەرانسەری خەڵکی ئێران کە قەتڵی حکوومەتی ژینا چەخماخەی لێدا، درێژەی بزووتنەوەی نارەزایەتی خانەنشینان بەشێوەی یەکشەممە، دووشەممە و سێشەممەکانی نارەزایەتی سوننەتێکی نوێی لە هەوڵ و تێکۆشان بۆ دەستەبەرکردنی داخوازییە ئابوورییەکان و بەڕێوەبردنی خەباتی سیاسی جێخستووە. لە بارودۆخێکدا کە دەزگا ئەمنیەتییەکانی ڕژیم نیگەران لە گەڕانەوەی نارازییان بۆسەر شەقام، دەست دەدەنە گەلێک کردەوەی ئەمنیەتی و پێشگرانە بۆ ڕێگری لە بەڕێوەچوونی هەرجۆرە نارەزایەتییەک، خانەنشیان بە دروشمی سەرەکی "تەنها لەسەر شەقامەکان، بەدەست دێنین مافمان" و بە نارەزایەتییە شکۆمەندەکانیان گشت فەزای سیاسییان خستووەتە ژێر کاریگەرییەوە و ئیمکانی گەڕانەوە بۆسەر شەقامیان زیندوو ڕاگرتووە. لە حاڵێکدا کە قەیرانی ئابووری و چوونەسەری بەرینی ڕێژەی تەوەرۆم و گرانی و هەژاری ژیان و گوزەرانی کرێکاران و توێژە بێبەشەکانی تری کۆمەڵگای یەکجار خستووەتە ژێر گوشارەوە، خانەنشینان ئاڵای خەبات دژ بەم هەژاری و فەلاکەتە ئابوورییەیان بەرز کردووەتەوە و بەم خەباتە مافخوازانەیە هۆگرایەتی کۆمەڵایەتییان بەخشیوە. خانەنشینان سەرەڕای هەڕەشە و بەربەست نانەوەی دەزگا سەرکوتگەرە ئەمنیەتی و نیزامییەکانی ڕژیم، بەهۆی هەبوونی ڕێکخراوی سەربەخۆ و سەرانسەری تا ئێستا توانیویانە ئاکسیۆنی نارەزایەتی هاوکات لە پارێزگا جۆراوجۆرەکان بۆ وەدیهاتنی داخوازییەکانیان بەڕێوەبەرن. خانەنشینان لە هەموو ئەم کۆبوونەوانەدا لەسەر پێویستی یەکگرتوویی کرێکارانی لەسەرکار و خانەنشینکراو پێداگرییان کردووە.

ڕۆژی یەکشەممە ٣٠ی مانگی ڕەزبەری ٢٠٤١، خانەنشینانی تەئمینی ئیجتماعی لە چەندین شار لەوانە لە شارەکانی ئەراک، کرماشان، ئەهواز، دێزفوول، شووش، تاران، ئیسفەهان، ئەلبۆرزی غەربی و ... بە هەڵگرتنی پلاکارد و بە وتنەوەی دروشم لە نارەزایەتی بە بارودۆخی نالەباری ژیان و گوزەران و بایەخنەدان و پێڕانەگەیشتنی مەقاماتی حکوومەتی ئیسلامی بە خواستەکانیان، کۆبوونەوەی نارەزایەتی و ڕێپێوانیان بەڕێوەبرد. هەروەها لەم ڕۆژەدا خانەنشینانی ناوەندی سەنعەتی فوولاد لە چەندین شاری ئێران بەشێوەی هاوکات، لە درێژەی ڕێپێوان و کۆبوونەوە لە یەکشەممەکانی نارەزایەتیدا، بۆ جارێکی تر دەستیان دایە کۆبوونەوەی نارەزایەتی. چەند داخوازیی سەرەکی خانەنشینانی فوولاد بریتین لە: پێدانی حەقدەستی دواخراوی ساڵی ٠٠٤١، پاراستنی ماهییەتی فوولادی وێڕای گۆڕینی ناوەرۆکی پێشنووسی ئەساسنامەی




سندووقی خانەنشینیی فوولاد، تەکمیلکردنی ئیجرای گەڵاڵەی هاوسانسازی بەپێی تایبەتمەندییەکانی پیشە، چارەسەرکردنی ناتەبایی یاسایی لە سندوقی خانەنشینی فوولاد بەر لە دیاریکردنی هەر ئاسۆیەک بۆ ئەم سندووقە. خانەنشینان لەم کۆبوونەوەیەدا ئەم دروشمانەیان وتەوە: "دەوڵەتی وەرشکستە، دوژمنی بازنشستە!"، "سفرەی بێ نانمان، چیتان دەوێ لە گیانمان"، "لە خووزستان تا گیلان شەرمەزاری بۆ مودیران"، "تەوەرۆمی ئەسەفبار زاڵ بووە بەسەر بازاڕ"، "بێدەنگ بی بێمافی"، "مەجلیسی بێدەسەڵات هۆکاری گرانی"، "وڵاتی پڕ داهات، چی بەسەر هات"، "تەنها لەسەر شەقامەکان، بەدەست دێنین مافمان"، "لەشگری، کیشوەری، فوولادی، تەئمینی ئیجتماعی، یەکگرن یەکگرن". خانەنشینان بەم دروشمانەیان سیاسەتی دژەکرێکاریی حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەدارانیان بردە ژێر پرسیارەوە.

ڕۆژی دووشەممە یەکی مانگی خەزەڵوەری ٢٠٤١ خانەنشینانی موخابراتیش لە درێژەی دووشەممەکانی نارەزایەتیدا لە پارێزگاکانی ئیسفەهان، مازەندەران، خووزستان، کوردستان، لوڕستان، تاران، سیستان و بەلووچستان، گیلان، ئیلام و ئەردەبیل، تەورێز، ئەراک، قەزوین و ورمی لە بەرامبەر ئیداراتی موخابرات ڕێپێوان و کۆبوونەوەی نارەزایەتییان بەڕێوەبرد. ئەم کۆبوونەوانە بە نارەزایەتی بە وەزعیەتی خراپی مەعیشەتی و بە نارەزایەتی بە جێبەجێنەکرانی داخوازییەکانیان لەوانە بەڕێوەبردنی کاملی ئاییننامەی پێرسۆنێلی و دامەزراندنی ساڵی ٩٨ و هەروەها چارەسەرنەکردنی کێشەکانی بیمەی دەرمانی هەروا بەردەوامە. خانەنشینانی موخابرات لەم کۆبوونەوە نارەزایەتییانەدا بە دروشمەکانی "تەنها لەسەر شەقامەکان، بەدەست دێنین مافمان"، "خانەنشین دەنگ هەڵبڕە، مافی خۆت داوا بکە"، "شیرکەتی پڕداهات! چیت بەسەر هات"، نە مەجلیس، نە دەوڵەت نین بە فکری میللەت"، "شاغڵ و خانەنشین، یەکگرن، یەکگرن!"، "تا بە مافمان نەگەین، بۆ ساتێک پشوو نادەین" لەسەر خەباتیان تا وەدیهاتنی خواستەکانیان پێداگرییان کرد.

ڕۆژی سێشەممە ٢ی مانگی خەزەڵوەری ٢٠٤١، خانەنشینانی کیشوەری لە پارێزگاکانی کوردستان، خووزستان، کرماشان و چەندین پارێزگای دیکە لە نارەزایەتی بە ئەوزاعی فەلاکەتباری مەعیشەت و وەدینەهاتنی خواستەکانیان لە درێژەی سێشەممەکانی نارەزایەتیدا، بۆ جارێکی تر لە بەرامبەر بینای سندووقی خانەنشینی کیشوەری سنە، زاهدان و کرماشان و ... کۆبوونەوەی شکۆداری نارەزایەتییان بەڕێوەبرد. خانەنشینان لە کۆبوونەوەکانی ئەم ڕۆژەدا بە وتاری پڕگوڕوتین و بە وتنەوەی دروشمی "خانەنشین دەنگ هەڵبڕە، مافت داوا بکە"، "خانەنشین دەمرێ، زیللەت قەبووڵ ناکا" و بە هەڵگرتنی پلاکارد کە لەسەریان نووسرابوو: "هێڵی هەژاری سەرووی ٨٢ ملیۆن تمەن"، "شاغڵ، خانەنشین یەکگرن یەکگرن"، "حەقدەست بەپێی تەوەرۆم" لەئاست سیاسەتەکانی دەوڵەتی سەرمایەداری ڕەئیسی نارەزایەتییان دەربڕی و بڕیاری

خۆیان بۆ درێژەدانی خەبات ڕاگەیاند.

خانەنشینان کە ژیان و بژێویان بەردەوام لەلایەن ڕژیمی گەندەڵی کۆماری ئیسلامییەوە هێرشی کراوەتە سەر گەلێک جار بە لیستێک لە داخوازییەکانیانەوە هاتوونەتە سەر شەقام و بە خەباتی لێبڕاوانەی خۆیان بزووتنەوەی ناڕەزایەتی داخوازییان لە ئێران بەرەوپێشەوە بردووە. ئەو داخوازییانەی کە لانیکەمی پێویستییەکانیان دابین دەکات. خانەنشینان کە بەشێکی زۆر لە ژیانیان لە شوێنی کاردا تێپەڕیوە و گەلێک سەختی و دژوارییان تەحەمول کردووە و بە فرۆشتنی هێزی کاریان لانیکەمی پێداویستییەکانی ژیانیان دابین کردووە، ئێستا بەحەق چاوەڕوانی ئەوەن کە لەم قۆناغەی تەمەنیاندا ناچار نەبن دووبارە بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانیان کار بکەن و لە بەشە غەیرە ڕەسمییەکاندا ئەم قۆناغەی تەمەنیان تێپەڕێنن. لەو کۆمەڵگایانەی کە خەباتی کرێکاری و ئازادیخوازانە گەلێک پاشەکشەی بەسەر دەوڵەتانی بورژوازیدا سەپاندووە، دەورانی خانەنشینی کاتی پشوودان و بیرکردنەوە و کەڵک وەرگرتن لە دەستکەوتەکانی ژیانە. لە هەمان حاڵیشدا دەورەیەکە کە خانەنشیان دەتوانن درێژە بە فێربوون و گەشەی زانستیان بدەن. سەردەمی خانەنشینی ئەو ساڵانەیە کە خەڵک لە قەیدی بەرهەمهێنەر و بازاڕی کار ئازاد دەبن و ئیمکانی ئەوە پەیدا دەکەن کە بەشوێن موسافرەت و فێربوون و مەهارەتی تازەوە بن. بەڵام حکوومەتی ئیسلامی، ئەم دەسەڵاتە کەمینە و زەرووسەفەتەی سەرمایەداران، هەروەک چۆن لەگەڵ لاویەتی و شادی و بەختەوەریی زۆربەی کۆمەڵگە دوژمنە لەگەڵ خانەنشینانیش ڕەفتارێکی دژەئینسانی و تێکەڵ بە سووکایەتی گرتووەتە بەر. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی تەنها هەڵاواردنی ڕەگەزی، نەتەوەیی و ئایینی داناسەپێنێت، بەڵکوو بەپێی تەمەنیش هەڵاواردن دادەسەپێنێ و خانەنشینانی لە لانیکەمەکانی ژیان بێبەری کردووە.

کەوابوو ئەوەیکە خانەنشینکراوانی لە پانتایی سەرتاسەریدا بەرەو ناڕەزایەتی و مانگرتن بردووە و لەئاستێکی بەریندا هێناویەتییە سەر شەقامەکان ریشەی لە بۆشایی چینایەتی، هەژاری و فەلاکەت، نابەرابەری و دیکتاتۆری لەئاستی ئێران دایە. هەر ئەم حەقیقەتە سادەیە زەروورەتی خەباتی یەکگرتووانەی خانەشینانی هێناوەتە بەرەوە. درێژەی سیاسەتەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەپێناو پشتیوانی لە چینی سەرمایەدار، پەلاماری ئاشکرا و بەرین بۆسەر هەستی کۆمەڵایەتی و مەعیشەت و مەنزەلەتی ئینسانەکان، خانەشینانیشی هەروەک مامۆستایان و باقی بەشەکانی تری چینی کرێکار بەرەو موقاومەت و ناڕەزایەتی بردووە. خانەنشینان لە بەرامبەر پەلاماری دەزگای گەندەڵی دەسەڵاتدار بۆسەر ژیان و بژێویان دەستیان لەسەر دەست دانەناوە و بە ناڕەزایەتی سەرانسەری و سازماندراوی خۆیان بوونەتە گرووپێکی فشاری سیاسی جیددی بۆسەر ڕژیمی ئیسلامی.

بزووتنەوەی ناڕەزایەتی سەرانسەری و شکۆمەندی خانەنشینان و سوننەتی یەکشەممە، دووشەممە و سێشەممەکانی ناڕەزایەتی نیشانەی ئەوەیە کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری ڕاپەڕیوی ئێران ئەگەرچی لە ناڕەزایەتی هەموو ڕۆژێ و شەڕ و بەرەنگاربوونەوەی دوو سێ مانگی ئەوەڵ دوور کەوتووەتەوە، بەڵام بەشێوەی جۆراوجۆری دیکە هەروا درێژەی هەیە. ئەم ڕەوتە ئاشکرایە نیشانەی ئەوەیە کە شەپۆلی ئیعدامەکان و دەستبەسەرکردنی چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان نەیتوانیوە خەڵک چاوترسێن بکات. درێژەی کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی سەرانسەری خانەنشینان کە لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا گەلێک جار بە دروشمە سەرەکییەکانی "تەنها لەسەر شەقامەکان، بەدەست دێنین مافمان"، "تا بە مافمان نەگەین، بۆ ساتێک پشوو نادەین"، شەقامەکانیان گرتووەتەوە، لە بارودۆخی ئێستادا لە بواری سیاسییەوە گرینگییەکی تایبەتی هەیە. ناڕەزایەتی و خەباتی لێبڕاوانەی خانەنشینان پێویستە لە درێژەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی سەرانسەریدا هەڵسەنگێندرێت و لە داخوازییە ڕەواکانیان پشتیوانی بکەین. یەکشەممە و دووشەممە و سێشەممەکانی ناڕەزایەتی، ئەم بزووتنەوە شکۆدارەی خانەنشینان، پێویستە ڕێزی لێ بگرێن.










**پێشـــــــڕەو**

ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

**ئیمەیلی کۆمیتەی هاوئاهەنگی تەشکیلاتی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

tashkh@cpiran.org

**ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب**

international@cpiran.org

**دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

dabirxane.cpi@gmail.com

**ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥

٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤

٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧

# کوشتنی ئارمیتا گەراوەند، دووپاتبوونەوەی تاوانی کوشتنی ژینا بەدەستی خوێنڕێژانی ڕژێمی جەنایەتکاری ئیسلامی

## "تەنانەت تاریکترین شەویش کۆتایی دێت و خۆر دەدرەوشێتەوە"

هەواڵنێریی "تەسنیم"ی سەربە سپای پاسداران ڕۆژی شەممە ٢٩ی مانگی ڕەزبەری ١٤٠٢ هەواڵی مردنی مێشکی ئارمیتا گەراوەندی بڵاوکردەوە. ئەم هەواڵنێرییە نووسی: "بەدواداچوونەکان بۆ زانینی دوایین باری تەندروستی ئارمیتا ئاماژە بەوە دەکەن کە باری تەندروستی جێگەی هیوا نییە و مەرگی مێشکی ئارمیتا حەتمییە". ئارمیتا گەراوەند خوێندکارێکی هونەرمەند، نیگارکێشێکی خۆش فکر و وەرزشکارێکی چالاکی ١٧ ساڵ تەمەن بوو کە ڕۆژی ٩ی مانگی ڕەزبەر لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکەی وەک هەزاران ژنی تر بە بێ حیجاب لە مەسیری چوون بۆ مەدرەسە، لە وێستگەی مێترۆی مەیدانی "شۆهەدا" و لە ناو واگۆنی قەتاری مێتروودا بەخاتری نەبوونی حیجاب لەلایەن بەکرێگیراوانی "حیجاب بان"ەوە درایە بە توندوتیژی و سەری بە میلەیەکی ئاسندا کێشرا و هەر لەوێ کەوتە کۆماوە. هاوڕێکانی جەستەی نیوەگیانی ئەم منداڵە نەونەمام و بێتاوانەیان لە واگۆنەکە کێشایە دەر. بەڵام مەئموورانی ئەمنیەتی ڕژیم دەوریاندان و هەڕەشەیان لە هاوڕێیان و شایەتحاڵانی تر کرد کە حەقیان نییە ئەم ڕووداوە میدیایی بکەنەوە و نابێ سەبارەت بە چۆنیەتی هەڵسووکەوتی مەئموورانی حیجاب بان یان هەمان "گەشتی ئیرشاد" هیچ قسەیەک بکەن. ئەم جەنایەتکارانە پەیکەری نیوەگیانی ئەویان ڕفاند و لەژێر کەشوهەوای توندی ئەمنیەتیدا ڕەوانەی نەخۆشخانەی نیزامی "فەجر"یان کرد. مەئمووڕانی ئەمنیەتی و بەکرێگیراوانی لیباس شەخسی لەماوەی ئەم ٢١ ڕۆژەدا، نەتەنها بە زاڵکردنی فەزای توندی ئەمنیەتی بەسەر گشت نەخۆشخانەکە هەرجۆرە هاتوچۆیەکی هەواڵنێران و خەڵکیان خستە ژێر چاوەدێرییەوە، بەڵکوو شەقامەکانی دەورووبەریشیان کۆنترۆڵ دەکرد تا کەس نەتوانێ هەواڵێک لە ئارمیتا بزانێت.

دەزگا ئەمنییەکان لەم ماوەیەدا کە تەرمی ئارمیتایان لە نەخۆشخانە ڕاگرت، بڵاوکردنەوەی هەر جۆرە زانیارییەکیان لەسەر بارودۆخی "ئارمیتا" لە میدیاکانەوە قەدەغە کرد؛ ڕۆژنامەنووسێک کە بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک چووبووە نەخۆشخانە، دەستگیرکرا؛ لە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی تایبەتی تیمی پزیشکی لەسەر بارودۆخی ناوبراو ڕێگریان کرد. ڕاگەیاندنی دۆخی تەندروستی ئەویان بەتەواوی خستە دەست خۆیانەوە. لەم ماوەیەدا جاروبار بە بڵاوکردنەوەی دەنگۆی



گوماناوی، بەرەبەرە ڕەوتی ڕاگەیاندنی مەرگی ئارمیتایان تێپەڕاند. لەم ماوەیەدا تەنانەت ڕێگەیان بە دایک و باوکی ئارمیتا نەدەدا کە چاویان بەمنداڵەکەیان بکەوێ. بەڵکوو بە هەڕەشە و بە گوشاری پۆلیسی پێداگرییان دەکرد کە ڕەوایەتی درۆی ئاشکرای ئەوان دووپات بکەنەوە. واتە "کچەکەیان بەهۆی هاتنەخواری فشاری خوێنەوە کەوتووەتە زەوی و سەری لە لێواری قەتارەکە دراوە و بێهۆش بووە". ئەم جەنایەتکارانە تەنانەت دایکی جەرگسووتاوی ئارمیتایان بەخاتری دووپات نەکردنەوەی ئەوەیکە پێیان وترابوو دەستبەسەرکرد. ڕفاندنی پەیکەری ئارمیتا لە مێترۆ و ڕاگواستنی بۆ نەخۆشخانەی نیزامی لەلایەن مەئمووڕانی ئەمنیەتی و کۆنترۆڵکردنی توندی نەخۆشخانە و تیمی پزیشکی و هەڕەشە و قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی هەواڵ لەلایەن پزیشکان و هەواڵنێریانی سەربەخۆ و باقی ڕەفتارە دژەئینسانییەکانی دەزگا ئەمنییەکانی ڕژیم، نیشانەی ئەوەیە کە ئارمیتا ئەم منداڵە مەزلووم و بێتاوانە هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە بەهۆی ئەو زەربانەی وەسەری کەوتبوو مێشکی خوێنڕێژیی کردووە و گیانی لەدەستداوە. قسەکانی باوکی ئارمیتاش کە دەیکوت: "باری تەندروستی ئارمیتا لە ڕۆژی یەکەمەوە هەتا ئێستا هیچ گۆڕانێکی بەسەر نەهاتووە" بەیانی هەر ئەم واقعییەتەیە.

لە کاردانەوە بەم تاوانەی ڕژیمی ئیسلامی ڕۆژی چوارشەممە ٣ی مانگی خەزەڵوەر "ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی" ڕاگەیاند کە "بەپێی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان و بەلەبەرچاوگرتنی بەڵگەی جۆراوجۆر سەبارەت بە نهێنی کاری کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، ئارمیتا گەراوەند ڕۆژی ٩ی مانگی ڕەزبەر دوای هێرشی مەئموورێکی داسەپاندنی حیجابی ئیجباری، کەوتووەتە کۆماوە". هەروەها جاوید ڕەحمان، هەواڵنێری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مافی مرۆڤی ئێران، لە ڕاپۆرتێکی ورددا سەبارەت بە مردنی ئارمیتا نووسی: ژنان و کچانی ئێران لەبەردەم ئاپارتایدی جنسییەتی و هەڵاواردن دان.

دەسەڵاتی منداڵکوژی کۆماری ئیسلامی لە ترسی سەرهەڵدانی نارەزایەتی جەماوەری و ئاخێزی "ژینا" بۆ ماوەی سێ هەفتە جەستەی بێ گیانی ئارمیتای لە نەخۆشخانە ڕاگرت تا بە خەیاڵی خۆی بە وەدرەنگی خستنی ڕاگەیاندنی مەرگی ئەو بتوانێ بەرەبەرە قەتڵی حکوومەتی ئارمیتا لەبیر خەڵکی ئێران باتەوە. بەڵام هیچ وێژدانێکی بەخەبەر ناتوانێ پاساوی نەزانانە و کردەوەی تاوانکارانەی دەزگا ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی باوەڕ بکات. هیچ مرۆڤێکی وشیار گرتەڤیدیۆی دەستکاریکراوی دووربینەکانی مێترۆ (ئەویش نەک دووربینەکانی ناو قەتارەکە کە شوێنی ئەنجامدانی تاوانەکە بووە و بە ئیدیعای مەقاماتی درۆزنی ڕژیم لەو کاتەدا خامۆش بوون و هیچیان تۆمار نەکردووە) باوەڕ ناکات و بێگومان خەڵک قەتڵی حکوومەتی ئەم تازەلاوە فەرامۆش ناکەن. ئەم تاوانە دڕندانەیە بە دەریای نەفرەت و بێزاریی جەماوەری خەڵک دژبە حاکمانی ئیسلامی زیاد دەکات. قەتڵی حکوومەتی ئارمیتا نە لەژێر کاریگەریی فەزای تەبلیغاتی جەنگی ئیسرائیل و حەماسدا گوم دەبێت و نە بێ وڵام دەمێنێتەوە. گوشاری بیروڕای گشتی و ڕەقابەتی

باندە حکوومەتییەکان بووە هۆی ئەوەیکە ڕۆژی چوارشەممە ٣ی مانگی خەزەڵوەر نوێنەری تەورێز لە مەجلیسی کۆنەپەرستی ئیسلامی ڕایدەگەیەنێت: "ئەرکی کۆمیسیۆنی ناوخۆی مەجلیسە کە بەدواداچوون بۆ بابەتی ئارمیتا بکات و لە وەزیری ناوخۆ پرسیار بکات". بەدوای بڵاوبوونەوەی مەرگی ئارمیتا گەراوند لەلایەن هێندێک لە میدیاکانی ناوخۆی ئێرانەوە، سەرپاسدار ئەحمەد وەحیدی، وەزیری ناوخۆی ڕژیم لەئاست ڕاستییەکانی قەتڵی ئارمیتا خۆی لە گێلی دا و وتی: "ئەم بابەتە زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە ڕووداوێکی بەرێکەوتە و لەوانەیە هەموو ڕۆژێ لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی وڵاتدا ڕوو بدات. دوژمنانی ئێران نایانهەوێ کەشوهەوای گشتی وڵات ئارام بێت. ئەوان هەوڵیان دا وڵات بەرەو بشێوی بەرن."

ڕەوتی کوشتنی ئارمیتا بۆ جارێکی تر نیشانی دا کە ڕژیمی داماوی کۆماری ئیسلامی تەنانەت سەرەڕای تێپەڕینی زیاتر لە یەک ساڵ لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و سەرانسەریی ژینا کە لە ڕیزی پێشەوەیدا ژنانی ئازادیخواز و بەئیرادە، بە فڕێدان و بە سووتاندنی حیجاب ڕایانگەیاند کە یاسای پرتووکاو و کۆنەپەرستانەی ئیسلامی کاتی بەسەر چووە و پایەکانی دەسەڵاتی دینییان خستە لەرزە، هێستا تێنەگەیشتووە کە ناتوانێ بە کوشتن، بە دەسبەسەرکردن، بە ئەزیەت و ئازار و ئەشکەنجە "حیجابی ئیجباری" ئەم هێمایەی ئاپارتایدی جنسییەتی ئیسلامی بەسەر ژنانی ئازادە و خەباتکاردا بسەپێنێ. هەروەک چۆن ئارمیتا گەراوند، ئەم تازەلاوە تێگەیشتوو و بەسۆزە لە یەکێک لە ستۆرییەکانی ئینستاگرامەکەیدا بەر لە کوژرانی بەدەستی خوێنڕێژانی حکوومەتی ئیسلامی نووسی: "تەنانەت تاریکترین شەویش کۆتایی دێت و خۆر دەدرەوشێتەوە..."، بێگومان تەمەنی نگریس و پڕ لە تاوان و جەنایەتی ڕژیمیش کۆتایی دێت و خۆری ڕزگاری کرێکاران و خەڵکی ستەمدیدەی ئێران و گشت ناوچەکە لە چنگ دەسەڵاتی ئیسلامی و هەژاری و بێمافی و تەباهی، هەڵدێت و دەدرەوشێتەوە.

# یادی هاوڕێ ئەفشین بەرزوبەڕێزە

ڕاپۆرتێکی کورت لە سەر بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ئەسپەردەکردن و ڕێزلێنان لە هاوڕێی تێکۆشەر و کۆمۆنیست ئەفشین (ڕەشاد) نازمی لە وڵاتی هولەند.

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٠ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ ڕێوڕەسمی ئەسپەردەکردن و دوا ماڵئاوایی لە هاوڕێ ئەفشین نازمی ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کادری فیداکاری کۆمەڵە لە شاری ئەلمیرە لە وڵاتی هۆڵەند بەڕێوە چوو.

ئەم ڕێوڕەسمە بە بەشداری ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە و ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێیان و دۆستان و خزمانی بنەماڵەی هاوڕێ ئەفشین بەڕێوە چوو

سەرەتا موجری بەرنامە لە لایەن کومیتەی بەڕێوبەری مەراسمی خاکسپاری و ڕێزلێنان لە هاوڕێ ئەفشین نازمی بە خێرهاتن و سوپاسگوزاری سەرجەم میوانان و بەشداربووان لە مەراسیمی خاکسپاری هاوڕێ ئەفشین کرد

هەروەها سڵاو و ڕێزی بێ پایانی دایە شەهێن وکاک عەبدوڵا دایک و باوکی ئازیزی هاوڕێ ئەفشین لە شاری سنەوە ئاراستەی بەشداربووانی ناو ساڵۆنی ڕێوڕەسمی ڕیزگرتن و ئەسپەردەکردنی هاوڕێ ئەفشین کرا، کە بەداخەوە خۆیان نەیانتوانی و ئیمکانی سەفەریان بۆ نەرەخسا لە ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان و ناشتنی ڕۆڵەی ئازیزییان بەشدار بن.

دواتر هاوڕێ ڕزگار ڕیزی بەرنامەکانی پێشکەش بە ئامادەبووان لە ڕێوڕەسمی خاکسپاری و ڕێزلێنانی هاوڕێ ئەفشین کرد

سەرەتا ڕێوڕەسمەکە بە سروودی ئەنترناسیۆناڵ سروودی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار دەستپێکرد

دواترا بۆ ڕێزگرتن لە یادی ئازیزی هاوڕێ ئەفشین نازمی و هەموو گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم لە ڕێزەکانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران،بەشداربووانی ڕێوڕەسمەکە خولەکێک بە بێدەنگی ڕاوەستان

پاشان لەلایەن هاوڕێ ئارەزوو بێکەس کورتەیەک لە ژیاننامەی هاوڕێ ئەفشین نازمی پێشکەش بە بەشداربووان کرا

لە درێژەدا شێعری "بەرگەی ئەم کۆچەت ناگرم" بۆ یادی هاوڕێ ئەفشین خوێندرایەوە

دواتر لە لایەن هاوڕێ ڕێزانی معارفی پوورەوە پەیامی سوپاسگوزاری و بەخێرهاتنی هاوسەر و منداڵەکان،بڕا و خۆشکەکەی هاوڕێ ئەفشین کە لە ساڵۆنی ڕێوڕەسمەکەدا بوون خوێندرایەوە و پێشکەش بە بەشداربووان لە




ڕێوڕەسمەکەدا کرا

دوای تەواوبوونی ئەم بەشە لە ڕێوڕەسمەکە، بە دانانی چەپکە گوڵی ڕێز وخۆشەویستی، تەرمی هاوڕێ ئەفشین بە بەشداری خانەوادەی هاوڕێی ئەفشین و لەناو کۆڕی هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی و بەشدار بووان لەڕێوڕەسمەکەدا بەرەو ماڵی ئەبەدی، بەرەو گۆڕستانی شاری ئەلمیرە ڕەوانە کرا

دوای ڕێوڕەسمی ناشتن و دوا ماڵئاوایی لە گەڵ هاوڕێی ئازیزمان هاوڕێ ئەفشین نازمی میوانان و بەشدار بووان گەرانەوە بۆ ساڵۆن و دوا بەشی ڕێوڕەسمەکە کە بریتی بوو لە پەزیرایی و شێعر و سروودی شۆڕشگێڕانە لە گەڵ ڕەسم و فیلمی هاوڕێ ئەفشین بڵاو دەبۆوە.

کومیتەی بەڕێوبەری ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان و ئەسپەردەکردنی هاوڕێ ئەفشین نازمی – هولەند

ئۆکتۆبەری 2023

**وتاری هاوڕێ ئارزو بێکەس**

ئامادەبووانی بەڕێز، دۆستان و هاوڕێیانی ئازیز، وێڕای سڵاو و ڕێزمان، بەخێر بێن بۆ مەراسمی ڕێزگرتن لە یادی هاوڕێ ئەفشین، سپاسی هاودەردی و هاوسۆزیی بێدەریغتان دەکەین. دوای کۆتایی مەراسمی خاکسپاری، لێرە کە لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵەی هاوڕێ ئەفشین کۆبووینەتەوە، جێی خۆیەتی مرووریکی کورتمان بێت بەسەر ژیان و خەباتی ئەم ئازیزە نەمرەمان!

هاوڕێ ئەفشین لە مانگی گوڵانی ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لە شاری سنە لە دایک بووە و سەردەمی منداڵی و دەرس و مەدرەسەی هەر لەم شارە تێپەڕاند. ئەفشین هەر لە سەردەمی منداڵییەوە هەروەک منداڵانی هاوتەمەنی خۆی لەگەڵ کار و ڕەنج و زەحمەت دەست و پەنجەی نەرم کرد و هەر ئەم بارودۆخە بابەتییەی ژیان. فکر و بیری سیاسی ئەوی لە قۆناغی تازەلاویدا شکڵ پێدا. ئەفشین بەو پێشینەوە، لەژێر کاریگەری فەزای سیاسی کۆمەڵگا و چالاکییەکانی کۆمەڵە، لەگەڵ پرسە سیاسییەکان ئاشنا بوو و دیفاع لە بەرژەوەند و قازانجی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنانی ستەمدیدەی کردە قوتبنەمای چالاکی سیاسی خۆی. هەر ئەم هەڵوێستە چینایەتییە و بەڵێنداربوونی بە دیفاع لە بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بێبەشانی کۆمەڵگا، بوو بە ڕێنمای هەڵوێست و کردەوەی لە ساتە هەستیارە سیاسییەکاندا. یارمەتییدا تا لەم ساتانەدا ڕێگەی دروستی خەبات هەڵبژێری. هاوڕێ ئەفشین لە ساڵی ١٣٧٢دا لە حاڵێکدا کە هێشتا تەمەنی ١٦ ساڵ بوو بە شور و شەوقەوە بۆ پەیوەست بوون بە ڕیزەکانی پێشمەرگەی کۆمەڵە سەردانی فێرگەی کۆمەڵەی لە کوردستانی عێراق کرد. هاوڕێ ئەفشین ئەمجارەیان لە نزیکترەوە لەگەڵ کۆمەڵە ئاشنا بوو لە ساڵی ١٣٧٣دا و بە لەبەرەچاوگرتنی مەسەلەی ئەمنیەت گەڕایەوە شاری سنە و لە پەیوەند لەگەڵ تەشیکلاتدا درێژەی بە چالاکی سیاسی و نهینی دا. ئەفشین لە ساڵی ١٣٧٤دا بەهۆی چالاکییە سیاسییەکانی لەلایەن هێزە ئەمنیەتی و ئیتلاعاتییەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە شاری سنە شناسایی دەکریت، دەستبەسەر و لە بیدادگای کوماری ئیسلامی دا بە ٨ مانگ زیندان مە حکوم کرا و دوای ئە و ماوە بە قە راری وە سیقە لە زیندان ئازاد بوو. ئەفشین لە ساڵی ١٣٧٧دا بو جاری دووهە م دەستبەسەر کرا بەڵام دوای ماوەی ٢٥ ڕوژ لە زیندان ئازاد کرا. هاوڕێ ئەفشین لە ساڵی ١٣٧٨ بۆ جاری دووهەم سەردانی تەشکیلاتی عەلەنی کۆمەڵەی کرد و دوای تێپەڕاندنی دەورەی ئامووزشی بە ڕیزەکانی پێشمەرگەی کۆمەڵە پەیوەست بوو.

هاوڕێ ئەفشین کە ئەمجارەیان تێگەیشتنێکی هەمەلایەنەتری لە بناغەکانی سۆسیالیزمی زانستی و بەرنامە و سیاسەت و ئاڕاستەی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵە هەبوو، بە سۆز و عەلاقەیەکی زیاترەوە لە ڕیزەکانی تەشکیلاتی عەلەنی کۆمەڵەدا درێژەی بە چالاکییەکانی دا. لە واحیدە نیزامییەکان و پاشان لە ئۆرگانە جۆراوجۆرەکاندا سازمان درا و ئەرکە تەشکیلاتییەکانی بە هەستی بەپرسایەتییەوە بەڕێوەدەبرد. هاوڕێ ئەفشین کە لە ناو تەشکیلاتدا بە نازناوی ڕەشاد دەناسرا، لەو سەردەمەدا کە وەک مەسئوولی دەفتەری نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە شاری کەرکووکی کوردستانی عێراق کاری دەکرد بەرپرسانە ئەرکەکانی خۆی بەڕێوەدەبرد. پەیوەندی کۆمەڵایەتی سەمیمانەی لەگەڵ



خەڵکی دەورووبەری بەرقەرار کرد و هەر لەو شارەش لەگەڵ چیمەن ئاشنا بوو و ژیانی هاوبەشیان پێکهێنا. ئەفشین لە سەردەمی لەشکرکێشی ئەمریکا بۆسەر عێراق لێهاتووانە و بە یارمەتی خەڵک، هەموو ئیمکاناتی تەشکیلاتی بۆ شاری سلێمانی گواستەوە.

هاوڕێ ئەفشین لە هەمان حاڵدا کە تێکۆشەرێکی سیاسی پڕگوڕوتین بوو، وەرزشوانێکی هە ڵسووراو بوو و لە هەمان تەمەنی هەرزەکاری و گەنجیدا وەک زۆرانبازێک لەسەر ئاستی پارێزگاکان بۆ هە موو وەرزش دوستان سیمایەکی ناسراو بوو و چە ندین خەڵاتی بەدەست هێنا. هاوڕێ ئەفشین نیگارکێش و هونەرمەندێکی بەتواناش بوو و دەیان بەرهەمی بەنرخی لەدوای خۆی بەجێهێشتووە. هەر بەم دەلیلەش بۆ ماوەیەک لە ئۆرگانی ئینتشاراتی کۆمەڵە کاری کرد و لەناو هاوڕێیانی هاوکاریدا بە ئینسانێکی پڕکار و ماندوویینەناس و زەحمەتکێش دەناسرا. هاوڕێ ئەفشین بەو کارنامەیە لە چالاکی لە تەشکیلاتی عەلەنی کۆمەڵە، لە ساڵی ١٣٨٩ بۆ وڵاتی هۆلەند کۆچی کرد و ئەمجارەیان وەک ئەندامی تەشکیلاتی هۆلەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، هاوکات لەگەڵ هەوڵ و کارکردنی بۆ دابینکردنی ژیان، هەڵسووڕانی سیاسی و ڕێکخراوەیی خۆی درێژەپێدا. ئەفشین کە لە بارودۆخە سەخت و دژوارەکانیشدا زەردەخەنە و پێکەنین لە ڕۆخساری لانەدەچوو، بەهۆی ئەم چالاکییانە و بەهۆی تەوازوع و سەداقەت و سەمیمیەتی لە هاوڕێیەتیدا، لەناو هاوڕێیان و دۆستان و ئاشنایانیدا ببووە کەسایەتییەکی جێگەی متمانە و خۆشەویست.

بەداخەوە، هەروەک ئاگادارن هاوڕێ ئەفشین نازمی، لە کادرە لەمێژینەکانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کاتژمێر یەکی نیوەشەوی شەممە لەسەر یەکشەممە ٨ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ بەرابەر لەگەڵ ١٦ی ڕەزبەری ١٤٠٢ لە ماڵی خۆی لە شاری ئەلمیرەی هۆلەند لە تەمەنی ٤٦ ساڵیدا ماڵئاوایی لە ژیان کرد و بە کاروانی گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم پەیوەست بوو. بێگومان مەرگی نابەوەختی هاوڕێ ئەفشین بۆ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە زیان و خەسارێکی گەورەیە. بە گیانبەختکردنی هاوڕێ ئەفشین، ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە و کرێکاران و زەحمەتکێشان، یەکێک لە یارانی سەمیمی و دڵسۆزی خۆیان لەدەستدا.

لە کۆتاییدا بۆ جارێکی تر بەبۆنەی گیانبەختکردنی ناوادەی هاوڕێ ئەفشین پرسە و سەرەخۆشی قووڵی خۆمان ئاراستەی دایک و باوکی بەڕێزی، کاک عەبدوڵڵا و دایە شەهین، هاوسەری چیمەن و منداڵەکانی ڕۆزا و ئەشکان و خوشک و براکانی شاهۆ و ڕووناک و هەروەها هەموو هاوڕێیانی ڕیزەکانی تەشکیلاتی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەکەین.

یادی هاوڕێ ئەفشینی خۆشەویست بۆ هەمیشە بەرز و بەڕێز بێت.